GENDER JUSTICE & SECURITY
A GCRF HUB

# جێندەر، دادپەروەری و ئاسایش: ململانێ پێکهاتەییەکان، داهێنانە فێمێنیستییەکان و داهاتووە ڕادیکاڵەکان

## پوختەی ڕاپۆرت



# جێندەر، دادپەروەری و ئاسایش: ململانێ پێکهاتەییەکان، داهێنانە فێمێنیستییەکان و داهاتووە ڕادیکاڵەکان

داهێنان و توێنژینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەریتانیا (UKRI)
خەرجی توێژینەوەی ململانێ جیهانییەکان (GCRF) و
تۆڕی دادپەروەری و ئاسایش.

## پوختەی ڕاپۆرت

©2024داهێنان و توێنژینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەریتانیا (UKRI)، خەرجی توێژینەوەی ململانێ جیهانییەکان (GCRF) و ناوەندی دادپەروەری و ئاسایش. داهێنانە باوەکان لەلایەن NC 4.0. مۆڵەت لەڕێی ئەم لینکەوە بەردەستە: https://creativecommons.org/licenses/by-nc/4.0 . ئەم نووسینە لەلایەن ١٥٠ ئەندامی تۆڕەکەوە نووسراوە. بۆ زانیاری زیاتر لەڕێی ئەم لینکەوە تەواوی ڕاپۆرتەکە ببینە: www.www.TheGenderHub.com

نووسەران مۆڵەت دەبەخشن بە پرۆفیسۆر کریستین ئەینلی و پرۆفێسۆر کریستین چینکین کە لە بری ئەوان مامەڵە بکەن لە وەڵامدانەوەی پرسیار و داواکارییەکان دەربارەی بەکارهێنانەوەی کارەکە لەدەرەوەی مەرجەکانی مۆڵەتەکە. تکایە لەڕێی ئەم ئیمەیڵەوە پەیوەندییان پێوەبکەن: contact@thegenderhub.com یاخود لەڕێی ئیمەیڵی دامەزراوەکەیانەوە. مافی بەکارهێنانەوەی فۆتۆکان دەگەڕێتەوە بۆ خودی فۆتۆگرافەرەکان.

ئەم پوختە ڕاپۆرتە دەستکەوتی ناوەندی جێندەر و یەکسانی و ئاساییشە، کە لە لایەن داهێنان و توێنژینەوەی نەتەوە یەکگرتووەکانی بەریتانیا (UKRI) و خەرجی توێژینەوەی ململانێ جیهانییەکانەوە (GCRF) تەمویل کراوە لەژێر ژمارەی تەمویلی: AH/S004025/1

دیزاین: کلێر هاریسۆن و وێستنایین دیزاین

ئیلوستڕەیشن: هەیفا جەلەبی

پرینت: فۆر پرینتت لیمیتد

جێندەر، دادپەروەری و ئاسایش: ململانێ پێکهاتەییەکان، داهێنانە فێمێنیستییەکان و داهاتووە ڕادیکاڵەکان

# پوختەی ڕاپۆرت: دەستکەوتە سەرەکییەکان و پێشنیارەکان

## ناوەڕۆک


ناوەندی جێندەر، دادپەروەری و ئاسایش ____ 2
ڕاپۆرتی ناوەندەکە ____ 3
ململانێ پێکهاتەییەکان ____ 3
دەستکەوتەکان و پێشنارەکانی ناوەند ____ 3
ڕێگەچارە نوێیەکانی بەرەوپێشەوەچوون ____ 11
ڕەنگدانەوە و پێشنیارەکانی سەرتاسەری ناوەندەکە ____ 12
بانگەواز بۆ هەڵوێست نواندن بەپێی دەستنیشانکردنی وڵاتەکان ____ 14


# ناوەندی جێندەر، دادپەروەردی و ئاسایش

> “جیهانێکی تر نەک تەنها مومکینە، بەڵکو بەرێگەشەوەیە... لە ڕۆژێکی بێدەنگدا دەتوانم گوێم لە هەناسەکانی بێت”
>
> ئاروونداتی ڕۆی، دەربارەی جەنگ، ٢٠٢٣.

تۆڕی جێندەر، دادپەروەری و ئاسایش بەشێک لە نادادپەروەرییە سەرەکییەکان و بەپەلەکانی جیهان دەخاتەڕوو. ململانێ و توندوتیژی لەسەر بنەمای جێندەر دەرئەنجامی وێرانکارانەی لەسەر تاک، خێزان و کۆمەڵگەکان هەیە. هەروەها بە توندی ڕێگری لە گەیاندنی سەرکەوتووانەی ئامانجەکانی گەشەپێدان دەکەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. ئەم ناوەندە تۆڕێکی توێژینەوەی نێوان زانستەکان و نێودەوڵەتییەکانە کە لەگەڵ کۆمەڵگەی مەدەنی ناوخۆیی و جیهانی، پزیشکان، حکومەتەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کاردەکات بۆ دەستنیشانکردنی ململانێکان و بەرەوپەشبردنی گەیاندنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام (SDG) ژمارە ٥ سەبارەت بە یەکسانی جێندەری؛ ژمارە ١٦ سەبارەت بە ئاشتی و دادپەروەری و دامەزراوە بەهێزەکان؛ و هەروەها جێبەجێکردنی کارنامەی ژنان و ئاشتی و ئاسایشی لیژنەی ئاساییشی یو ئێن (WPS). لە ڕێگەی دروستکردنی زانیاری و تۆڕی نوێ، کە زیاتر لە ٢٠٠ بڵاوکراوە و بەرهەمی توێژینەوە لەخۆدەگرێت، ناوەندەکە دەنگی ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکان گەورەتر دەکات و گۆڕانکاری لە سیاسەتی ناوخۆیی و جیهانی و چاکسازی دامەزراوەیی دەباتە پێشەوە.

ناوەندەکە زیاد لە ٤٠ ڕێکخراوی هاوبەش و ٣٨ پڕۆژەی توێژینەوە و ١٥٠ ئەندامی سەرانسەری جیهان لەخۆدەگرێت. داهێنانەکەی لەسەر بنەمای ئەو هیوایەی کە بە نێوان زانستەکاندا هەڵیچنیوە و هەروەها چوارچێوە فێمینیستەکەی، فراوانی شیکاری بەراوردکارییەکەی کە درووستی کردووە و دیدگای ڕێبازێکی گشتگیر بۆ ڕەچاوکردنی یەکسانی جێندەری و دادپەروەری بەردەوام لە ململانێ و دوای ململانێدا. ناوەندەکە لەلایەن گروپێکی جێبەجێکارەوە لە توێژەرانی پێشەنگی جیهانی سەبارەت بە دادپەروەری جێندەری بەڕێوەدەبرێت، کە لەسەر بنەمای کۆمەڵێک ئێتیکی سەرەکی توێژینەوەی فێمینیستییەوە ڕێبەری دەکرێت، و لەلایەن سەنتەری قوتابخانەی ئابووری و زانستی سیاسی لەندەنەوە (LSE) بۆ ژنان، ئاشتی و ئاسایش بەڕێوەدەبرێت. یەکێکە لەو دوانزە ناوەندی توێژینەوانەی نێوان زانستەکان کە لەلایەن توێژینەوە و داهێنانی بەریتانیا (UKRI) لە ڕێگەی سندوقی توێژینەوەی ململانێ جیهانییەکان (GCRF)ەوە پارەدار دەکرێت.

جێندەر، دادپەروەری و ئاسایش: ململانێ بونیادییەکان، داهێنانە فێمینیستەکان و داهاتووی ڕادیکاڵ، کۆکراوەی دۆزینەوە و پێشنیارەکانی سەرەکی ناوەندەکەن لەسەر ئاستی بابەتیی، پڕۆژە، وڵات و سەرتاسەری ناوەندەکەدا. بە شێوازی پێکەوەیی لەلایەن ئەندامانی ناوەندەکەوە نووسراوە و تیشک دەخاتە سەر شیکاری و ڕەنگدانەوەکانی سەرتاسەری ناوەندەکە، دۆزینەوە و پێشنیارەکانی شەپۆلەکان و پڕۆژەکان و دەنگی تاکەکەسی ئەندامانی ناوەندەکە. دابەشکراوە بەسەر چەند بەشێکدا سەبارەت بە ململانێی بونیادی، توێژینەوەی ناوەند و ڕێگەچارە نوێیەکانی بەرەو پێشەوەچوون، کە هەریەکەیان لە خوارەوە بە کورتی ڕوونکراونەتەوە. زانیاری زیاتر لەسەر ناوەندەکە و ئەندامەکانی دەتوانن لەم ماڵپەڕەدا بدۆزنەوە: www.TheGenderHub.com



# ڕاپۆرتی ناوەندەکە

## ملمانێ پێکهاتەییەکان

نەتەوە یەکگرتووەکان UN چوارچێوەی یاسایی بەرفراوانی بۆ پێشخستنی یەکسانی جێندەری و دادپەروەری و ئاسایش داڕشتووە و دەوڵەتان پابەندبوونەکانیان دووپاتکردووەتەوە، کە زیاتر لەلایەن دەزگاکانی پەیماننامەی مافی مرۆڤ و ڕێکارە تایبەتەکانی ئەنجومەنی مافی مرۆڤەوە گەورەتر دەکرێن. سەرەڕای ئەوەش، دەستپێشخەرییە سیاسەتییەکان پێکهێنراوە، لەوانەش لە سەدەی بیست و یەکدا ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام SDGو کارنامەی ژنان، ئاشتی و ئاسایش WPS، کە دەبێت ببێتە هۆی دادپەروەری جێندەری و ئاشتی گشتگیر. بەڵام هیچ وڵاتێک لەسەر ئەو ڕێگەیە نارِوات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNSC) سەلماندوویەتی کە ناتوانێت کارنامەی ژنان، ئاشتی و ئاساییش WPS  کە هی خۆیەتی، لە ململانێ هاوچەرخەکاندا جێبەجێ بکات. بەشی یەکەمی ڕاپۆرتەکە لەو بەربەستە پێکهاتەییانەی دەکۆڵێتەوە کە بەدەستهێنانی پێشکەوتنی مانادار لە ژیانی ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکاندا تێکدەشکێنن لە ناوچە بارگاوی بوونەکاندا بە ململانێ کە لێکۆڵینەوەکانی ناوەندەکەی تێدا ئەنجامدراوە. شیکارییەکە ئەو ڕێگایانە دەخاتە ڕوو کە پیاوسالاری، سەرمایەداری، کۆلۆنیالیزم و میلیتاریزەکردن پێکەوە کاردەکەن بۆ داڕشتنی چوارچێوەی جێندەری ململانێ و قەیرانەکان، کە دەبێتە هۆی درووستکردنی ژینگەیەکی دوژمنکارانە بۆ لێکۆڵینەوە هەروەک ئەوەی لە ڕێگەی ئەم ناوەندەوە ڕووبەڕووی بووینەوە، بەردەوامبوونی کاردانەوەی توندی جێندەری و ڕێگریکردن لە پێشکەوتن بەرەو دروشمی جێندەر، دادپەروەری و ئاسایش.

## دەستکەوتەکان و پێشنارەکانی ناوەند

بەشی دووەمی ڕاپۆرتەکە بە قووڵی و وردتر لە کارەکانی ناوەندەکە دەکۆڵێتەوە. توێژینەوەکانی ناوەندەکە لە ڕێگەی ٣٨ پڕۆژەی سەربەخۆوە ئەنجامدراوە لە ژێر شەش تەوەرەدا: گۆڕانکاری و بەهێزکردن؛ بژێوی و زەوی و مافەکان؛ پیاوسالاری و ڕەگەزەکان؛ کۆچ و ئاوارەبوون؛ چوارچێوەی یاسا و سیاسەت؛ و داهێنانی میتۆدۆلۆژی. پڕۆژەکان لە حەوت وڵاتی دەستنیشانکراودا کاریان کردووە: ئەفغانستان، کۆلۆمبیا، کوردستان-عێراق، لوبنان، سیرالیۆن، سریلانکا و ئۆگاندا – هەروەها لە زیاتر لە دەیان وڵاتی زیادە لە سەرانسەری ئەفریقا، ئەمریکای باشوور، ئەورووپا، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیا. بەشی سێیەم کارەکانی ناوەندەکە لە ڕووی جوگرافییەوە دەخەمڵێنێت بە خستنەڕووی ئاستەنگییە سەرەکییەکان، دۆزینەوەکان و پێشنیارەکان بۆ هەریەک لە وڵاتانی دەستنیشانکراوی ناوەند. بەشی چوار تا بەشی نۆ تیشک دەخاتە سەر پرسیارە ئاڕاستەکەرەکان لە هەر شەپۆلێکی توێژینەوەکەدا و  پاشان پوختەیەک لە بابەتەکان، شێوازەکان، دۆزینەوەکان و پێشنیارەکانی هەموو پڕۆژەکانی ناوەندەکە دەخاتەڕوو. ئەو پێشنیارە سەرەکییانەی کە لە هەر شەپۆلێکەوە سەر هەڵدەدەن لە خوارەوە ئاماژەیان پێکراوە.

## بونیادی توێژینەوەی جێندەر، دادپەروەری و ئاسایشی ناوەندەکە

| لقەکانی توێژینەوەکە | بەشەکانی ڕاپۆرت | پڕۆژە | نمونەی وڵاتەکان |
|---|---|---|---|
| **Transformation and Empowerment** | 4.2 | Addressing Post-Colonial Legacies in Transitional Justice | Colombia, Northern Ireland |
| | 4.3 | Culture and Conflict | Afghanistan, India, Pakistan, Sri Lanka |
| | 4.4 | Gender, Governance and Peacebuilding | Jordan, The Philippines, Sri Lanka |
| | 4.5 | Legacies of the Disappeared | Colombia, Sri Lanka |
| | 4.6 | Political Economy of Reconciliation | Colombia |
| | 4.7 | The Potentialities and Politics of Transformation | Sri Lanka |
| | 4.8 | Social and Economic Rights in Transition | Northern Ireland |
| | 4.9 | Women's Political and Economic Empowerment | Colombia |
| | 4.10 | Women's Rights after War | Bosnia-Herzegovina, Colombia, Iraq, Nepal, Sri Lanka, Rwanda |
| **Livelihood, Land and Rights** | 5.2 | Beyond War Compensation | Uganda |
| | 5.3 | Land Policy, Gender and Plural Legal Systems | Sierra Leone |
| | 5.4 | Land Reform, Peace and Informal Institutions | Colombia |
| | 5.5 | When Women Do Not Own Land | Sri Lanka |

| لقەکانی توێژینەوەکە | بەشەکانی ڕاپۆرت | پرۆژە | نمونەی وڵاتەکان |
|---|---|---|---|
| **Masculinities and Sexualities** | 6.2 | Changing SOGIE in Conflict, Peace and Displacement in the MENA Region | Lebanon, Turkey, Syria |
| | 6.3 | Cross-Border Wars, Sexuality and Citizenship | Uganda |
| | 6.4 | Men, Peace and Security | Cross-Cutting |
| | 6.5 | Sex, Love and War | Uganda |
| | 6.6 | Sexuality, Work and Gender Relations in Peacekeeping Missions | Bosnia, Democratic Republic of the Congo, Sierra Leone, South Sudan |
| | 6.7 | Transitional Masculinity, Violence and Prevention | Kurdistan-Iraq |
| **Migration and Displacement** | 7.2 | Gender and Forced Displacement | Afghanistan, Kurdistan-Iraq, Pakistan, Sri Lanka, Turkey |
| | 7.3 | Gendered Dynamics of International Labour Migration | Kurdistan-Iraq, Lebanon, Pakistan, Turkey |
| | 7.4 | Return, Reintegration and Political Restructuring | Afghanistan, Kurdistan-Iraq, Pakistan, Sri Lanka |
| **Law and Policy Frameworks** | 8.2 | Donor Funding and WPS Implementation | Colombia, Nepal, Northern Ireland |
| | 8.3 | Feminist Security Politics | Cross-Cutting |
| | 8.4 | Funding Transitional Justice | Cross-Cutting |
| | 8.5 | Gender and Conflict Transformation | Cross-Cutting |
| | 8.6 | Gender and Transitional Justice in Sri Lanka | Sri Lanka |
| **Methodological Innovation** | 9.2 | From Female Combatants to Filmmakers | Colombia, Uganda |
| | 9.3 | The Global Wellbeing and Resilience Index | Cross-Cutting |
| | 9.4 | Innovative Methodologies and Methodological Innovation | Cross-Cutting |
| | 9.5 | Narrating (In)Security | Sri Lanka |
| | 9.6 | Rights Research with Social Media | Cross-Cutting |
| | 9.7 | The Stories of Research | Cross-Cutting |

# گۆڕانکاری و تواناسازی



سەرنجی ئەم بەشە لەسەر گەڕان بەدوای چەمکەکانی 'دادپەروەری ئینتیقالی' و 'تواناسازییە' لەناو کۆمەڵگە بارگاوییەکان بە ململانێدا، بە ئامانجی تێگەیشتن لەوەی کێ و چۆن دەسەڵاتی پێدەدرێت، و ئەو ئاستەنگییانەی ڕووبەڕووی ئەو کەسانە دەبنەوە کە بەدوای تواناسازیدا دەڕۆن، هەم لە ڕووی کردەیی و چ لە ڕووی دامەزراوەییەوە، لە زۆرینەی ئەو کۆمەڵگەیانەی بارگاوین بە ململانێ و ئەوانەی لە سەردەمی دوای ململانێدان. دۆزینەوە و پێشنیارە سەرەکییەکانی ئەم بەشە بریتین لە:

- **ناکاریگەری چاکسازییەکانی مافەکانی ژنان و نەبوونی گۆڕانکاری دامەزراوەیی:** چاکسازییە یاسایی و سیاسییەکان و گۆڕانکارییە دامەزراوەییەکان کە باس لە مافەکانی ژنان دەکەن لە سەرانسەری چوارچێوە ململانێکاندا بەس نەبوون و نەیانتوانیوە شیکارییە یەکتربڕەکان لەخۆبگرن.
- **میراتە کۆلۆنیالیەکان لە دادپەروەری ئینتقالیدا:** میکانیزمەکانی دادپەروەری ئینتقالی پێویستیان بەوەیە میراتە کۆلۆنیالیزمەکان دەستنیشان بکەن، بە دانـان بە کاریگەرییە بونیادییە درێژخایەنەکانیان لەسەر بەشداریکردنی ژنان و پیاوان لە کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.
- **ئامادەیی سیاسی بۆ جێبەجێکردنی میکانیزمەکانی دادپەروەری ئینتقالی ململانێی بەرچاو دەخاتە ڕوو:** ئەم میکانیزمانە کە بەشێکی دانەبڕاون لە دەستنیشانکردنی نادادپەروەرییە مێژووییەکان و پەروەردەکردنی ئاشتەوایی، زۆرجار بەهۆی ئەو ژینگە جەمسەرییەی کە هێزە سیاسییەکان دروستیان کردووە، ڕووبەڕووی بەرهەنگاری دەبنەوە. لە دەرئەنجامدا ماف و قەرەبووی قوربانییەکان بە جێبەجێنەکراوی ماونەتەوە، ئەمەش تیشک دەخاتە سەر بەربەستێکی گرنگ لەبەردەم جێبەجێکردنی کاریگەرانەی دادپەروەری ئینتقالی.
- **ئاڵۆزییەکانی ئاشتەوایی:** ئاشتەوایی لە کۆمەڵگەکانی دوای ململانێدا ئاڵۆز و فرە چینە. هەوڵەکانی ئاشتەوایی دەبێت هۆکارەکانی وەک تەمەن، ڕەگەز و جۆری قوربانیبوون کە ئەزموون کراوە لەبەرچاو بگرن. گرتنەبەری ڕێوشوێنی تایبەتمەند کە لەگەڵ چاوەڕوانییەکان و پێداویستییەکانی دانیشتوانی جۆراوجۆردا هاوتەریبن، زۆر گرنگە.
- **ناوەندی دەنگی ژنان:** دەبێ ژنان و دەنگەکانیان لە ناوەندی گۆڕانکاری و دەستپێوەردانەکان لە شوێنەکانی دوای جەنگدا دابنرێن. دانـان بە سەربەخۆیی ژنان و گرنگی بەشداریکردنیان لە دادپەروەری و ئاسایشدا گرنگە و هاوتەریبە لەگەڵ ئەجێندا نێودەوڵەتییەکانی وەک WPS و SDG
- **بەکارهێنانی کولتوور لە چارەسەرکردنی ململانێ جەنگییەکاندا:** هەوڵە کولتوورییەکان دەتوانن وەک سەرچاوەیەکی قەرەبووکردنەوە و چاکبوونەوە و بەهێزکردن بۆ ژنان خزمەت بکەن و بەشداربن لە بەهێزکردنی ئابوورییان و بەهێزکردنی بزووتنەوەکانی ژنان.
- **کاریگەری پەتای کۆڤید-١٩:** سەرەڕای پێشکەوتن لە توێژینەوە و پراکتیکدا، پەتای کۆڤید-١٩ نمایندەی پاشەکشەیەکی بەرچاو دەکات. ڕێرەوی گەیشتن بە یەکسانی جێندەری گۆڕیوە، بە ڕواڵەت سیاسەتە نیشتمانی و نێودەوڵەتییەکان پاشەکشە دەکەن وەک لەوەی پێشبکەون.

# بژێوی ژیان، زەوی و مافەکان



ئەم بەشە سەرنج دەخاتە سەر پەیوەندی کارلێکی نێوان دادپەروەری ئینتقالی، پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی جێندەری و مافە ئابووری-کۆمەڵایەتییەکان، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە زەوی و موڵکدا. توێژینەوەکە لێکۆڵینەوە لەو ململانێ تاک و تەرایانە دەکات کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە، کە زۆرجار وەک سەرگەورەی خێزان لە دوای ململانێی جەنگیدا دەردەکەون، بەڵام بەهۆی جیاکاری و دوورخستنەوەوە لەگەڵ خاوەندارێتی موڵک و دەستڕاگەیشتن بە زەویدا کێشەیان هەیە. دۆزینەوە و پێشنیارەکانی سەرەکی ئەم بەشە بریتین لە:

- **فرەیی یاسایی و کەلێنەکانی جێبەجێکردن:** پێکەوەژیانی یاسا نەریتی و گشتیەکان دەبێتە هۆی بۆشایی لە جێبەجێکردندا کە بە شێوەیەکی نارێژەیی کاریگەری لەسەر ژنان هەیە. پێویستی بە چاکسازی یاسایی و گۆڕینی کولتووری و زیادکردنی هۆشیاری هەیە بۆ دڵنیابوون لە پاراستنی مافەکانی ژنان.
- **ڕۆڵی دامەزراوە نەریتی و نافەرمیەکان:** دامەزراوە نەریتی و نافەرمیەکان توانای بەرچاویان هەیە بۆ نێوەندگیری ناکۆکییەکانی مافی زەوی و پشتگیریکردن لە مافەکانی ژنان، بە تایبەت لە بارودۆخەکانی پاش ململانێی جەنگیدا، بۆ بەرزکردنەوەی دادپەروەری جێندەری و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی.
- **ئاستەنگییەکانی دادپەروەری ئینتقالی و گەڕاندنەوەی زەوی:** جێبەجێکردنی ڕێوشوێنەکانی دادپەروەری ئینتقالی ئاڵۆزە، بەتایبەتی لە پەیوەندیدا بە گەڕاندنەوەی زەوییەوە. چوارچێوەی دامەزراوەیی بەهێزتر و پرۆسەی شەفافتر یارمەتیدەر دەبێت بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان یاسا و پراکتیک.
- **بەهێزکردنی ئابووری و خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی:** خاوەندارێتی زەوی گرنگە بۆ بەهێزکردنی ئابووری ژنان و خۆشگوزەرانی گشتی. چارەسەرکردنی بەربەستەکانی بەردەم دەستڕاگەیشتن و خاوەندارێتی زەوی بۆ پێشخستنی یەکسانی جێندەری گرنگە.
- **بونیادە پیاوسالارییەکان و نەریتە کلتورییەکان:** بونیادە پیاوسالارییەکان و نەریتە کلتورییەکان کاریگەرییەکی بەرچاویان لەسەر مافەکانی خاوەندارێتی زەوی ژنان هەیە. هەوڵەکان بۆ گۆڕینی ئەم نەریتانە و پێشخستنی یەکسانی جێندەری لە حوکمڕانی زەویدا گرنگە.
- **چاکسازی لە سیاسەت و حوکمڕانیدا:** چاکسازی لە سیاسەت و حوکمڕانی و ڕێوشوێنی بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەکانی بڕیاردانداپێویستن بۆ دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە زەوی بە شێوەیەکی دادپەروەرانە.
- **هۆشیاری و داکۆکیکردن:** هۆشیاری و داکۆکیکردن لە مافەکانی خاوەندارێتی زەوی ژنان لە ڕێگەی بەشداریکردنی کۆمەڵگە و گفتوگۆ لەگەڵ ئەکتەرە جۆراوجۆرەکان گرنگە. ئەمەش پێویستە بە یارمەتی یاسایی و پشتگیری بۆ ئەو ژنانەی کە لە میکانیزمەکانی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکانی زەویدا کار دەکەن، جێبەجێبکرێت.

# پیاوێتی و سێکسوالیتە




بەشی پیاوێتی و سێکسوالیتە دیدگا جیاوازەکان لەسەر بنیاتنانی پیاوێتی و سێکسوالیتی و توندوتیژی دەکۆڵێتەوە، لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە وادەکات ئەم تایبەتمەندێتیانە پەرەبسێنن و کاریگەریان لەسەربووە بەهۆی ململانێی جەنگی و ناوچەییدا. دۆزینەوە و پێشنیارە سەرەکییەکانی ئەم بەشە بریتین لە:

- **بیرکردنەوە لە ڕێگەی دیالۆگ و گروپی گفتوگۆی داخراوەوە:** پەرەپێدان بە دیالۆگی کۆمەڵایەتی و گفتوگۆی گروپی داخراو گرنگە بۆ پەرەپێدانی بیرکردنەوە، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و هەڵسەنگاندنی دینامیکی کۆمەڵایەتی توندوتیژی، پیاوێتی و پرسە پەیوەندیدارەکان بە جێندەرەوە.
- **خاوەندارێتی کۆمەڵگە:** گرنگە کە چارەسەرەکان لەناو کۆمەڵگەدا پەرەپێبدرێت نەک لە ڕێگەی چوارچێوەی دەرەکییەوە. گفتوگۆی زیاتر لەسەر ئاستی کۆمەڵگە، بە ڕابەرایەتی سەرکردە کولتووری و ئایینییە ناوخۆییەکان، پەروەردەکاران و چالاکوانان، پێویستن لەسەر نەریتە کۆمەڵایەتی و پرسە جێندەرییەکان و هەروەها بۆ کارکردن بەرەو بەرهەمهێنانی چارەسەرەکان بە سەرکردایەتی خودی کۆمەڵگە.
- **تواناسازی لە ڕێگەی دەربڕینی داهێنەرانەوە:** بەکارهێنانی شێوازی داهێنەرانەی هەمەچەشن، وەک وۆرک شۆپەکانی نووسینی شیعر و چالاکییەکانی تێکستی وێنەیی، کاریگەرییان سەلماندووە لە هاندانی خۆدەربڕین، بەرەنگاربوونەوەی لەقاڵبدانە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتیدەر بووە لە تێڕامان و ڕەنگدانەوە لەسەر پرسە کۆمەڵایەتییەکان.

- **بنیاتنانی توانا و گۆڕینی سیاسەت:** هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتە سەرەکییەکانی حکومەت بۆ بنیاتنانی توانا و ڕاسپاردەی سیاسەت دەتوانێت ڕێگەیەکی کاریگەر بێت بۆ کاریگەریکردن لەسەر گۆڕانکاری سیستماتیکی و بەرزکردنەوەی هەستیاری جێندەری. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا گرنگە ددان بەوەدا بنێین کە دەزگا حکومییەکان دوودڵن لە قبوڵکردن و وەرگرتنی گۆڕانکاری یان گرتنەبەری ڕێبازی نوێ، زۆرجار بەهۆی سنووردارکردنی ڕێکخراوەیی و فشارە کۆمەڵایەتییەکان.
- **ڕێبازی هەمەلایەنە:** لێکۆڵینەوە لە کێشە کۆمەڵایەتییەکانی وەک جێندەر و توندوتیژی، لە ڕێگەی چاویلکەیەکی فرە پسپۆڕییەوە زۆر گرنگە، چونکە تێڕوانینێکی وردتر و داینامیکیتر بۆ هۆکارە بنەڕەتییەکانی کێشە قووڵەکان دەستەبەر دەکات. سەرەڕای ئەوەش، پەرەپێدانی هاوکاری لە هەموو بوارەکاندا خزمەت بە دەوڵەمەندکردنی دیدگاکان و کاریگەرییە گشتییەکانی هەر پڕۆژەیەک بەرزدەکاتەوە و لە هەمان کاتدا دڵنیایی دەبەخشێت لەوەی هەوڵە دووبارەکان لەناو دەبرێن.
- **وەڵامدانەوەی هەماهەنگانە:** گەیشتن بە یەکسانی جێندەری تەنیا بەرپرسیارێتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و چالاکوانان نییە و بەبێ بەشداریکردنی کۆمەڵگەی گەورەتر دەستەبەر نابێت. ڕێبازێکی کاریگەر پێویستی بە وەڵامدانەوەی هەماهەنگی هەیە لەلایەن حکومەت، کەرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، سەرمایەداران و بەخشەرەکان، میدیا و کۆمەڵگەی فراوانترەوە.
- **کاریگەریی کۆڤید19-:** پەتای جیهانی توندوتیژیی جێندەری بەرامبەر بە ژنان و ئەو کەسانەی کە ئاراستەی سێکسی جۆراوجۆر، ناسنامەی ڕەگەزی، دەربڕینی ڕەگەزی و تایبەتمەندی سێکسییان هەیە، زیاد کرد. (SOGIESC).


# کۆچ و ئاوارەیی



پڕۆژەکانی ئەم بوارە لایەنە جێندەرییەکانی فۆرمە جیاوازەکانی ئاوارەبوون و کۆچبەری ناوخۆیی و نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باشووری ئاسیا شیدەکەنەوە و پێشنیار دەکەن بۆ پەرەپێدانی سیاسەت بۆ چارەسەرکردنی پرسە جێندەرییەکان کە گوتار و دەستپێشخەرییەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا تێدەپەڕێنن و لەگەڵ گروپەکانی کۆمەڵگە و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان کاردەکات. دۆزینەوە و پێشنیارە سەرەکییەکانی ئەم بەشە بریتین لە:

- **جیاوازی جێندەری لە بواری تەندروستی و پەروەردەدا:** لە هەموو سیاقەکاندا جیاوازییەکی قووڵی جێندەری لە بواری تەندروستی و پەروەردەدا هەیە، و گروپی ئاوارەکان توانای دەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاک، بارودۆخی ژیانی تەندروست و تەندروستی زاوزێیان نییە.
- **ڕاهێنان و پەیوەندی:** ڕاهێنان و گەیاندنی باشتری سیاسەتە جێندەرییە گشتگیرەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بۆ حکومەتە نیشتمانی و ناوخۆییەکان پێویستییەکی گرنگە، بۆ بەرزکردنەوەی هۆشیاری و تێگەیشتن لە گرنگی شیکاری جێندەری لە سیاسەتەکانی ئاوارەبوونی زۆرەملێ و گەڕانەوە و کۆچکردندا.
- **جێبەجێکردنی سیاسەت:** سیاسەتی جێندەر و ڕاهێنان لەسەر ئاوارەبوونی زۆرەملێ پێویستە باشتر جێبەجێ بکرێت لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوخۆیی.
- **هاندان بۆ کۆچی گەڕانەوە:** هۆکارەکانی هاندەری کۆچی گەڕانەوە بریتین لە خراپی بارودۆخی ژیان، ڕەگەزپەرستی و جیاکاری ( کە لە کاتی کۆڤید- ١٩لە بەرزبونەوەدا بووە) لە وڵاتی وەرگر، و لە هەممانکاتدا باشتربوون یان سەقامگیری بارودۆخ لە وڵاتی سەرەکیدا، کە دەتوانێت گەڕانەوەیان بکاتە شتێکی جێبەجێکراو، یان قازانجدار یان هەردووکی .
- **نەبوونی سیاسەتی گەڕانەوە و هاوکاری:** نەبوونی سیاسەتێک بۆ گەڕانەوە و هاوکاری کۆچبەران، ڕێگری لە گەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان دەکات و دەرفەتی سنووردایان دەبێت لە بازاڕی کار و دەستڕاگەیشتن بە خانووبەرە و خوێندن.
- **دەسەڵاتی دەزگاکانی دامەزراندن:** دەزگاکانی دامەزراندن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە ئاسانکاری بۆ کۆچبەران بەتایبەتی کە ژنانی کۆچبەر ڕووبەڕوویان دەبنەوە، بەتایبەتی لەو وڵاتانەی کە سیستەمی کافالەیان هەیە وەک لوبنان.
- **نایەکسانی و توندوتیژی:** نوێنەرایەتی ژنان لە چوارچێوەی کۆچبەریدا بەهۆی نایەکسانی پێکهاتەیی و توندوتیژیەوە تێکدەچێت کە توانای بەشداریکردنیان لە بازاڕەکانی کاردا کەمدەکاتەوە.
- **کەلێنەکانی توێژینەوە:** توێژینەوەی زیاتر پێویستە لەسەر هەمەجۆری کۆچبەری جێندەری لە باشووری جیهان و هەوڵی زیاتر بۆ باشترکردنی بارودۆخی ژیان و کارکردنی کرێکارانی ناوماڵ کە یاسا ستانداردەکانی کار نایانگرێتەوە. پێویستە ئەمە لەگەڵ گروپەکانی کۆمەڵگە ئەنجام بدرێت بۆ تێگەیشتنی باشتر لە ئەزموونی ژیان و پێداویستییە جیاوازەکانی ژنانی کۆچبەر لەم چوارچێوەیەدا.


# یاسا و چارچێوەی سیاسەت



ئەم بەشە تیشک دەخاتە سەر پەیوەندییەکانی سیاسەتی ناوخۆیی-نێودەوڵەتی، بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەریی ئەو سیاسەت و پراکتیکانەی کە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیدا پەرەیان پێدەدرێت لەسەر وڵاتانی باکووری جیهان و هەروەها باشووری جیهان. پڕۆژەکان داتای چەندایەتی و چۆنایەتی لەسەر کاریگەرییەکانی سیاسەتی بەخشەرەکان، پێکهاتەی دامەزراوەیی و شێوازەکانی پارەدان لەسەر دادپەروەری ئینتقالی و WPS کۆدەکەنەوە، و لە تۆماری تا ئێستای چارەسەرکردنی ململانێی گۆڕانکاری و سیاسەتەکانی پاراستنی هەستیاری جێندەری دەکۆڵنەوە. دۆزینەوە و پێشنیارە سەرەکییەکانی ئەم بەشە بریتین لە:

- **جێندەر "زیادکراو" نییە (یاخود هاوواتای ژنان):** لە زۆر حاڵەتدا دیدگاکانی جێندەر هێشتا پەراوێزخراون، داتا جیاکراوەکانی جێندەر لە پێشینەی کارەکان دانەنراوە و گریمانەکە ئەوەیە کە گرتنەخۆی ژنان "ڕەهەندی جێندەری" لە پرۆسەی ئاشتی و دادپەروەری دەخاتە ڕوو.
- **کاریگەرییە جێندەرییەکانی سیاسەت:** سەرەڕای ئەولەویەتی ڕواڵەتی دادپەروەری جێندەری و بایەخدان بە کاریگەرییە جێندەرییەکانی سیاسەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، زۆر سیاسەت و پراکتیکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هێشتا کاریگەریی قووڵی جێندەرییان هەیە.
- **زمان گرنگە:** گرنگە لە هەر شوێنێک کە بتوانرێت داڕێژەرانی سیاسەت بە کۆمەڵایەتی بکرێن بۆ تێگەیشتنە هاوبەشەکان لە چەمکە سەرەکییەکان، وەک 'دادپەروەری'، 'کاتی ئاشتی' و 'دوای ململانێ'، بەبێ لەدستدانی گومانێکی تەندروست سەبارەت بەوەی کە ئایا 'ئیکۆسیستەمی سیاسەت'ی WPS دەتوانێت یان نا یان پێویستە لە دەوری ئەو جۆرە مانا هاوبەشانەدا ڕێکبخرێت.
- **هەروەها بێدەنگییش گرنگە:** توێژەران دەبێت ئاگاداری ئەوە بن کە کێ دەتوانێت قسەبکات و لە گفتوگۆکانی سیاسەتدا گوێی لێ دەگیرێت، چی هەڵدەبژێرن بۆ باسکردن و کام کەس و کام بابەت بێدەنگدەکرێت.
- **گەورەکردنی دەنگە ناوخۆییەکان:** لە شوێنە بارگاوییەکان بە ململانێ و ناکۆکیدا، ئەو ڕێکخراوانەی کە کاری ئاشتی و دادپەروەری لەسەر زەوی دەکەن، خاوەن زانیارین و پێویستە بەو شێوەیە بایەخیان پێبدرێت. ناهاوسەنگی هێز و کەمی بودجە بە شێوەیەکی نارێژەیی کاریگەری لەسەر ڕێکخراوە ناوخۆییەکان هەیە، دەستڕاگەیشتنیان بە شوێنەکانی بڕیاردان سنووردار دەکات و ئیمتیازات دەدات بە ئەکتەرەکانی باکووری جیهان.
- **پچڕانی پەیوەندی ناوخۆیی-نیشتیمانی-جیهانی:** زۆرجار لایەنە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکانی چوارچێوە سەرەکییەکانی سیاسەت بە باشی لە پەیوەندیدا نین و مەرج نییە ئەکتەرە ناوخۆییەکان چوارچێوە نێودەوڵەتییەکانی وەک کارنامەی WPS لە کارەکانی ڕۆژانەیاندا بە بەسوود ببینن.
- **بودجەی لێپرسراوە، شەفاف و بەشدارانە:** ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی بەخشەرەکان، کاریگەرییەکی بەرچاویان هەیە لە دادپەروەری و ئاشتەواییدا کە دوای ململانێ ئەنجام دەدرێن، بەڵام هێشتاش دەستڕاگەیشتن بە زانیارییەکان لەسەر تەمویلەکان خراپە.

# داهێنانی میتۆدۆلۆژی



ئامانجی ئەم پرۆژانە بەشداریکردنە لە بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی خۆڕاگرتر و دادپەروەرانەتر و ئاشتیخوازانەتر لە ڕێگەی پێشکەوتنی میتۆدۆلۆژیای داهێنەرانە. ئەوان ڕێبازی بەشداریکردن و هاوکاری فێمینیستی پەرەپێدەدەن کە لەگەڵ گۆڕانی سیاقەکاندا دەگونجێت و لە هەمان کاتدا هەمیشە پابەندن بە بنەما ئەخلاقی و پاراستنە بەهێزەکانەوە. دۆزینەوە و پێشنیار سەرەکییەکانی ئەم بەشە بریتین لە:

- **ڕەنگدانەوەیی و پەیوەندیدارێتی:** ڕەنگدانەوەیی و پەیوەندیدارێتی بۆ لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا گرنگن. میتۆدۆلۆژیاکان دەبێت تایبەت بە دەق، هەستیاری ململانێ، ڕەچاوکردن و هاوکاری بن. توێژەران دەبێت بە هاوکاری ئەو کۆمەڵگەیانەی کە دەیانەوێت خزمەتکردنیان بکەن، توێژینەوەکان دابڕێژن و بچێنن سروشتی دەستەجەمعی چاندنی مەعریفە بناسنەوە.

- **کاریگەری قەیرانەکان لەسەر توێژینەوە:** قەیرانەکانی وەک پەتای کۆڤید-١٩، بڕینی بودجە و هەڵچوونە سیاسییەکان، توانای میتۆدەکانی توێژینەوە و چوارچێوە ئەخلاقییەکان تاقیدەکەنەوە. توێژەران دەبێت ئامادەبن بۆ خۆگونجاندن و وەڵامدانەوەی ئەم ئاستەنگیانە.

- **میتۆدی داهێنەرانە:** بەکارهێنانی میتۆدی داهێنەرانە، وەک فیلمسازی بەشداربووانە و شێوازی هونەری، یان ئەنجامدانی چاوپێکەوتنی ئۆنلاین لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بە شێوەیەکی ئاسایی ناتوانن بەشداری لە پرۆژەیەکی توێژینەوەدا بکەن، ئەمە دەتوانێت کاریگەری و هەروەها دەستڕاگەیشتن بە توێژینەوە بەرز بکاتەوە و پەرەپێدانی بەشداریکردنی قووڵتر و تێگەیشتن لە نێوان بینەرانی جۆراوجۆر زیاد دەکات.

- **سوودوەرگرتن لە شێوازەکانی بەشداریکردن و مێتۆدە هونەرییەکان:** ئەم شێوازانە پێویستە لە چوارچێوەی کاریگەری ململانێدا بەکاربهێنرێن بۆ ئاسانکردنی بۆشاییەکان بۆ کۆمەڵگەکان لە هاوبەشیکردن و پرۆسێسکردنی ئەزموونەکانیان، کە دەبێتە هۆی بەشداریکردن لە توێژینەوەی ئەخلاقیتر و کاریگەرتر.

- **بەهێزکردنی هەوڵەکانی کۆکردنەوەی داتا:** وەبەرهێنانی زیاتر لە کۆکردنەوەی داتا، بەتایبەتی لە ناوچە لاواز و کەم داهاتەکاندا، پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کەلێنە گرنگەکان و باشترکردنی هەڵسەنگاندنی خۆشگوزەرانی و خۆڕاگری کۆمەڵگە. داتای جیاکراوە لەسەر ڕەگەز، تەمەن و کاتیگۆرییە سەرەکییە یەکتربڕەکانی تر زەرورەتێکی حەتمییە.

## ڕێگەچارەی نوێ بەرەوپێشەوە

> “بیرت بێت ئەو جۆرە جیهانانە بهێنیتە پێشچاوت و بە دەستی خۆت دروستی بکەیت کە ناتوانیت بەبێ ئەو جۆرە جیهانە بژیت، هەروەک چۆن ئەو جیهانانە هەڵدەوەشێنیتەوە کە ناتوانیت لەناویاندا بژیت.”
>
> ڕوها بێنجامین، خەیاڵ: مانیفێستۆیەک، ٢٠٢٤.

بەشی سێیەمی ڕاپۆرتەکە ڕێگەچارەی نوێ بەرەوپێشەوە بۆ توێژەران، شارەزایان، داڕێژەرانی یاسا و سیاسەت و چالاکوانان دەخاتەڕوو کە لەپێناو دادپەروەری جێندەری و ئاشتی گشتگیر کاردەکەن. بەشی دەیەم لە خودی ناوەندەکە دەکۆڵێتەوە وەک مۆدێلێک بۆ گۆڕانکاری— ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە چۆن پراکسیسی فێمینیستە یەکتربڕەکان، ترانسنەتەوەیی و هاوکارەکەی دەتوانێت پشتگیری لە پێشکەوتنەکان بکات لە چارەسەرکردنی ئاستەنگییە وابەستە بە یەکترەکانەوە. لە سوودەکان، لاوازییەکان، ئاستەنگییەکان و مەترسییەکانی مۆدێلی فێمینیستی ناوەندەکە، و کردارەکان و ئەخلاقیاتەکان دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ دوو ستراتیژی کە بۆ زاڵبوون بەسەر ئەو ئاستەنگییانەی کە دەستنیشانکراون، خراونەتەڕوو: 1) بونیاتنانی تۆڕی توێژینەوەی فێمینیستی گشتگیر؛ و 2) پێشبینیکردن و تێکەڵکردنی بەریەککەوتن. تەنیا کاتێک تۆڕەکان لە سەرانسەری دیسیپلینەکان، هێڵەکانی دەوڵەت-نەتەوە و دابەشبوونی ئەکادیمی-پراکتیکەردا بونیاددەنرێن کە تۆڕەکانی وەک ناوەندەکە، دەتوانن ڕووبەڕووی پەیوەندییەکانی پیاوسالاری، سەرمایەداری، کۆلۆنیالیزم و میلیتاریزم ببنەوە.

کارەکانی ناوەندەکە بەهای هەموو توێژینەوەکانی فێمینیزم نیشان دەدات، لە دیزاینەوە تا بڵاوکردنەوە. ئیتیکی فێمینیستی لەگەڵ پێگەیەکی زانستی فرەیی تێکەڵاو بوون، فەزای بۆ فێمینیزم دروستکردووە کە لە چەندین شوێن لەناو ناوەندەکەدا دەربکەوێت – بۆ ئەوەی خودی ناوەندەکە هاوشێوەی ئیکۆسیستەمێکی تۆڕی چنین بێت. هەروەها ئەزموونی ناوەندەکە جەخت لەسەر گرنگی پێشبینیکردن و بەریەککەوتن دەکاتەوە. توێژەرانی فێمینیست دەبێت پلان بۆ بەریەککەوتن دابڕێژن لەڕێگەی وەبەرهێنان لە پەرەپێدانی کولتووری ململانێی بنیاتنەرانە کە ڕەگ و ڕیشەی لە سیاسەت و پێکهاتەی پشتیوانی ڕوون و هاوبەشدا پەرەپێدراوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و ململانێ دەرەکییەکان و هەروەها ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی. ئەنجامدانی ئەم کارە پێویستی بە پرۆسەی هاودەنگی و بەرپرسیاریەتی خۆشەویستانە هەیە بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەریەککەوتن وەک هێزێکی بنیاتنەر بەکاردەهێنرێت: وزەیەکی داهێنەرانە کە ململانێکان ڕووناک دەکاتەوە و ئەگەری نوێ ئاشکرا دەکات.

بەشی یانزەیەم دیدگای گشتی ناوەندەکە دەخاتەڕوو و بانگەوازی کرداری بۆ گۆڕینی ڕیشەیی داهاتوو دەکات، داهاتوویەک کە بە مافە جێندەرییەکان دەناسرێتەوە؛ شکۆمەندی؛ نەبوونی توندوتیژی؛ دادپەروەری ئابووری و ڕەگەزی و دیکۆلۆنیالیزم؛ گۆڕانی پێکهاتەیی؛ بزووتنەوە جیهانییەکان بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی؛ یاسا و سیاسەتی بەهێز؛ بنیاتنانی ئاشتی گشتگیر؛ ئاستی بەرزی متمانە؛ سیاسەتی دادپەروەرانە و گرنگی هیوا. بابەتەکە نۆ بنەما دەخاتە ڕوو کە لە کارە بەکۆمەڵەکانی ناوەندەکەوە سەریان هەڵداوە کە ڕێگای بەرەو ئەو داهاتووە ڕووندەکاتەوە کە ئێمە وێنای دەکەین. ئەو بنەمایانەش لە خوارەوە کورت کراونەتەوە.

# ڕەنگدانەوە و پێشنیارەکانی سەرتاسەری ناوەندەکە

| | | |
|---|---|---|
| Listen More | Keep Talking About Gender | Name the Structural Problems |
| Weave Feminist Webs | Anticipate and Engage Friction | Centre Activism |
| Close Implementation Gaps and Fund the Work | Incorporate the Arts and Culture | Expand, Connect and Communicate the Evidence Base |

## ١.زیاتر گوێبگرە

سەرەتا و پێش هەموو شتێک گوێ لەو کەسانە بگرن کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە بەهۆی نادادپەروەری و نائارامی جێندەرییەوە.

بە سەنتەرکردنی دەنگ و ئەزموونە ژیاوەکانی ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکان دەبێت لە پێشەنگی کاری دادپەروەری جێندەریدا بمێنێتەوە. جگە لەوەش، پێویستە گوێ لە کۆمەڵێک تێڕوانین بگیرێت لە دەرەوەی بازنەی تۆڕەکانی دادپەروەری جێندەری و هاوپەیمانەکان. لە کاتێکدا کە گوێگرتن بە تەنیا بەس نییە، بەڵام کەناڵێکی گرنگە بەرەو بنیادنانی پرۆسەیەکی ئاشتی گشتگیرتر کە شارەزایی و ئەزموونی ئەو کەسانەی کە زۆرترین زیانیان بەرکەوتووە، بە سەنتەر دەکات و هاوپەیمانێتییەکی فراوان لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەخاتە ناو پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتییەوە.

## ٢. بەردەوام بە قسەکردن لەبارەی جێندەرەوە

بابەتی جێندەر بە پرسێکی جیددی وەربگرە و بەردەوام بە لە قسەکردن لەبارەیەوە– لە ڕووی کەسی و سیاسی و پیشەییەوە.

قسەکردن لەبارەی جێندەرەوە لە چوارچێوەی یاسا و داڕشتنی سیاسەت، توێژینەوە و چالاکییدا دەکرێت بێزارکەربێت، بەڵام ئەو بێزارکەرییە پێویستە و دەتوانێت لە بەدیهێنانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و سیاسیدا بەرهەمهێنەر بێت. قسەکردن لەسەر جێندەر بە تایبەتی لە نێوان سەرهەڵدانی بزووتنەوە بەردەوام و توندەکانی دژە فێمینیستدا گرنگە کە جێندەر کراوە بە چەک و گوتارە ڕەخنەییەکانی دەرهەق بە پیاوسالاری بێدەنگکراوە و سەرنج و سەرچاوەکان لایەنگیر کراون.

## ٣. کێشە پێکهاتەییەکان ناوبنێ

دەبێت لە هۆڵەکانی دەسەڵاتدا ناوی کێشەکانی پیاوسالاری و سەرمایەداری و کۆلۆنیالیزم و میلیتاریزم بنرێت، چونکە ئەوەی زۆرجار بە نەوتراوی و دەستنیشاننەکراوی دەمێنێتەوە، دەبێتە بێکێبڕکێ و ناکەوێتە ژێر پرسیارەوە.

توێژینەوەی فێمینیستی لە مێژە تێڕوانینە تیۆری و پراکتیکییەکانی پێشخستووە سەبارەت بەو ڕێگایانەی تێیدا زمان گرنگە و چۆن ئەو چیرۆکانەی لەبارەی کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەیگێڕینەوە جیهانە کۆمەڵایەتی و خەیاڵییەکانمان لە قاڵب دەدەن؛ کاریگەری لەسەر شێوازی بیرکردنەوە و مامەڵەکردنمان دادەنێت. دەستنیشانکردنی توندوتیژییە وابەستەکان و گرێدراوەکان بە پیاوسالاری، سەرمایەداری، کۆلۆنیالیزم و میلیتاریزم، پێویستی هەم بە ڕێزمانی دادپەروەری جێندەری و هەم بە ئیرادەی سیاسی هەیە بۆ ناونانی ڕاستەوخۆی ئەم توندوتیژییە.

## ٤. بونیاتنانی تۆڕی فێمینیستی

ململانێ چارەسەرنەکراوەکانی پیاوسالاری، سەرمایەداری، کۆلۆنیالیزم و میلیتاریزم وابەستەی یەکترن و بەیەکەوە گرێدراون. ڕێبازەکانی چارەسەرکردنیان دەبێت بڕبڕەیی و هاوکات و گشتگیر بن.

بونیادنانی تۆڕ بریتییە لە گرنگیدان بە پەیوەندیکردن – کۆکردنەوەی چەندین دیدگا و ڕێباز پێکەوە لە ڕێگەی شیکاریی یەکتربڕ، هاوبەشی نێودەوڵەتی، شێوازی یەکتربڕ و هاوکاری فرە کەرت لەگەڵ توێژەران، پراکتیککاران، چالاکوانان و یاسا و داڕێژەرانی سیاسەت. هەروەها ئاماژە بە بەهای بەکارهێنانی گشتگیرانەی بیرکردنەوە و پراکتیکی فێمینیستەکان دەکات لە هەر هەنگاوێکی پرۆسەی توێژینەوەکەدا و ئەو ڕێگایانەی کە تێیدا ئیتیکی فێمینیستی گرنگیپێدان و بونیادی کۆممەڵایەتی کلیلی سەرەکین. کاری بەرچاو هەیە کە دەبێ ئەنجام بدرێت بە پەیوەندیکردن لەگەڵ بەخشەرەکان و دەزگاکانی پارەدان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە وانە فێربووەکان لە پرۆژە گەورەکانی دادپەروەری جێندەری وەک ناوەندەکە دەتوانرێت لە ئاستە جیاوازەکاندا دووبارە بکرێتەوە بەرەو هەنگاونان بۆ پێشەوە.

## ٥. پێشبینیکردن و بەشداریکردنی خۆڵێدان

توێژینەوە فیمینیستییەکان پێویستی بە خۆبەدوورگرتن و ڕێگریکردنە لە هەڕەشە و ململانێ دەرەکییەکان و هەروەها پێویستی بە بەشداریکردنی بنیاتنەرانەیە لەگەڵ گرژی و دژایەتییە ناوخۆییەکان.

توێژەرانی فیمینیست پێویستیان بەوەیە چالاکانە پێشبینی ململانێ دەرەکییەکان و بەرەنگارییەکان بکەن و ئیدارەی بدەن. ئەمەش خۆی دەبینێتەوە لە دەستگرتن بە کات، بودجە و شارەزاییەوە لە بەڕێوەبردنی پرۆژە و کۆنترۆڵکردنی مەترسییەکاندا، و هەروەها شیکردنەوەی داینامیکی دەسەڵاتی ئێستا و پەیوەندییەکانی نێوان پرۆژەکان، دامەزراوەکان، پارەدەرەکان و کۆمەڵگەکان کە زۆرترین کاریگەری ڕاستەوخۆیان لەسەرە. هەروەها توێژینەوە فیمینیستییە سەرکەوتووەکانیش بەشداریکردن لەگەڵ ململانێی ناوخۆییدا بەدوای خۆیدا دەهێنێت لەڕێگەی بەسەنتەرکردنی ئێتیکی فیمینیستی گرنگیپێدان، بە تیشکخستنەسەر گرنگی پەیوەندییەکان، گەشتکردن بە سازش و بەرگرییەکاندا بە بەرپرسیارێتییەکی پڕ خۆشەویستییەوە و پەرەپێدانی کولتوری ململانێی بنیاتنەر.

## ٦. بە سەنتەرکردنی چالاکوانی

چالاکوانی فیمینیستی بناسنەوە و پشتگیری بکەن و بیخەنە ناو دڵی لێکۆڵینەوەی دادپەروەری جێندەری ، چالاکوانی، یاسا و داڕشتنی سیاسەتەوە.

چالاکوانی دادپەروەری جێندەریی بنەڕەتی پێویستە لە پێشینەی کارەکاندا بێت و پارەی بۆ دابین بکرێت و بپارێزرێت. بنیاتنانی ئاشتی گشتگیر پێویستی بە ڕێبازی لە سەرەوە بۆ خوارەوە و لە خوارەوە بۆ سەرەوە هەیە بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و زۆر گرنگە کە پەیڕەکە کەم نەکرێتەوە یان شەرعیەتی پێنەدرێت. بەدیهێنانی ئەمە پێویستی بە وەبەرهێنان هەیە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگەی ناوخۆیی و نیشتمانی و نێودەوڵەتی. ئەم جۆرە ڕۆڵانە دەبێ وەک کارێکی بەنرخ و وەک کارێک سەیر بکرێن کە بتوانێت جێگیر و بەردەوام بێت بۆ ئەوانەی بەشدارن.

## ٧. داخستنی بۆشاییەکانی جێبەجێکردن و بودجەی کارەکە

زمان گرنگە، بەڵام کردار گرنگترە.

لە کاتێکدا کە یاسا و سیاسەتی نوێ ڕەنگە لە هەندێک بواردا پێویست بێت، جێبەجێکردنی تەواوی بیناسازی یاسایی و سیاسەتی ئێستا، لەوانەش ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و کارنامەی WPS، پێشکەوتنەکان بەرەو دادپەروەری جێندەری و ئاشتی گشتگیر بە شێوەیەکی بەرچاو خێراتر دەکات. ئەمەش پێویستی بە بودجەیەکی مانادارتر و بەردەوام و شەفافتر هەیە. زۆرجار قسەکانی دادپەروەری جێندەری لەلایەن ئەوانەی لە دەسەڵاتدان، لە ڕێگەی جێبەجێکردنی سیاسەتی کۆنکرێتی و بودجەی گونجاوەوە، شکست دەهێنێت لە بوون بە واقیع. بۆ بەدیهێنانی دادپەروەری جێندەری و ئاشتی گشتگیر پێویستی بە کردەوە هەیە، کردەوش پێویستی بە سەرچاوە هەیە.

## ٨. یەکخستنی هونەر و ڕۆشنبیری

هونەر و کولتوور پێکهاتەیەکی گرنگی دادپەروەری جێندەری و کاری ئەمنین و پێویستە بە شێوەیەکی مانادار لە پرۆژە و هەڵمەت و تیۆرییەکانی گۆڕانکاریدا تێکەڵ بکرێن.

پێویستە هونەر و پراکتیکی کولتووری وەک پێکهاتەی ستراتیژی کاری دادپەروەری جێندەری سەیر بکرێت کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەشدارپێکردنی بینەرانی جۆراوجۆر، لەوانەش شارەزایانی داهێنەر و خەڵکی فراوانتر. ڕێبازە هونەری و کولتوورییەکان دەتوانن بەپێی سیاق ڕێگەیەکی وەڵامدەرەوە بن و فرەڕەهەند بن بۆ پەروەردەکردن، شیکردنەوە، پرۆسێسکردن، چاککردنەوە، پەیوەندی دروستکردن، دەربڕین، بڵاوکردنەوە، گەران بەدوای دادپەروەریدا، پێشخستنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و پێشبینیکردنی داهاتوویەکی نوێی گۆڕاوی ڕادیکاڵ. هونەرەکان پێویستین نەک تەنها ئیکسسوارات.

## ٩. فراوانکردن و پەیوەندی دروستکردن و گەیاندنی بنچینەی بەڵگە

توێژینەوەی فیمینیستی زیاتر پێویستە، لەگەڵ داتای زیاتری جیاکراوەی جێندەری، هاوبەشی ئاڵوگۆڕی زانیاری دادپەروەرانە و ستراتیژییەکانی پەیوەندیکردنی توێژینەوە کە هەم کاریگەرن و هەم کاریگەربەخشن.

توێژینەوەی زیاتر و بەشێوەیەکی خێرا پێویستە بۆ چارەسەرکردنی کۆمەڵێک پرسیاری سەرەکی کە لە کارەکانی ناوەندەکەدا سەریان هەڵداوە، هەروەها فەراغی داتای جیاکراوە لەسەر بنەمای جێندەری، بوەتە هۆی سەرهەڵدانی بۆشاییە درێژخایەنەکان لە ئەدەبیاتی ئەکادیمی و ململانێی کۆمەڵایەتی، سیاسی و تەکنەلۆژیدا. سەرەڕای ئەوەش پێویستە کارێکی زیاتر بکرێت بۆ باشتر گەیاندنی زانیارییە بەردەستەکان، تێکدانی سایلۆ دیسپلینییەکان و دابەشبوونی توێژەرە پراکتیکییەکان و گەیاندنی

# بانگەواز بۆ هەڵوێست نواندن بەپێی دەستنیشانکردنی وڵاتەکان

خستنەبواری جێبەجێکردنی نۆ بنەماکەی ناوەندەکە بۆ هێنانەدی گۆڕانکاری ڕیشەیی و ماددی پێویستی بە هەڵوێستی کۆنکرێتی هەیە لە کۆمەڵگە زیانلێکەوتووەکانی ململانێ و دەرەوەی ئەو کۆمەڵگایانەی کە ململانێیان لەسەرە. ڕاسپاردەکانی پرۆژەکانی ناوەندەکە وەک ئەوەی پەیوەندییان بە وڵاتانی دەستنیشانکراوی توێژینەوەکانەوە هەیە و ئەو پێشنیارانەی کە لێیانەوە دێتە ئاراوە لە بەشی سێیەمدا بە وردی باس کراون و لە خوارەوە کورتکراونەتەوە.

## ئەفغانستان



وێنە: فەرید ئیرشاد لە وێبسایتی ئەنسپلاش

**پێش دەستبەسەرداگرتنی تاڵیبان لە مانگی ئابی ٢٠٢١، دەرئەنجامە سەرەکییەکانی ئەو پرۆژانەی لەسەر ئەفغانستان کار دەکەن، تیشک دەخەنە سەر نائاساییشی جەستەیی و ئابووری و ئەو ڕێگایانەی کە ژنان و گروپە پەراوێزخراوەکان کاردەکەن بۆ بەدەستهێنانی هەم بژێوی ژیان و هەم کۆمەڵگە لەکاتی قەیرانەکاندا. هەروەها پرۆژەکان کاریگەرییە جێندەرییە فرەییەکانی ئاوارەبوون بۆ دانیشتوانی ئەفغانستان لە ڕووی تەندروستی، دابڕانی کۆمەڵایەتی، پێگەی یاسایی و دەستڕاگەیشتن بە خوێندن و دامەزراندن بەڵگە دەکەن. بەڵام لە ژێر کۆنترۆڵی تاڵیباندا، زۆرێک لەم ڕاسپاردانە بە شێوەیەکی واقیعی ناتوانرێت جێبەجێ بکرێن بەهۆی سیاسەتە توندڕەوەکانی ڕژێمەکە سەبارەت بە مافەکانی ژنان و بەشداریکردن لە ژیانی گشتیدا. سەرەڕای ئەوەش لێرەدا لەگەڵتاندا بەشکراون، بۆ دابینکردنی چوارچێوەیەک بۆ کاری ئەدڤۆکەسی لە داهاتوودا، بەڵگەنامەکردنی ئەو کارانەی کە ئەنجامدراون و بەردەوام بوون لە تیشک خستنە سەر داکۆکیکردنی ژنان هەم لە جاران و هەم لە ئێستاشدا**

## پێشنیارەکان

**پێشنیارەکان تا مانگی ئابی ٢٠٢١**

**حکومەتی ئەفغانستان:**

- **بەهێزکردنی ئابووری:** پەرەپێدان و پشتگیریکردنی بەرنامەکان بۆ بەهێزکردنی ئابووری ژنانی ئاوارە، بەتایبەتی لە کەرتی پیشەسازیدا.
- **بەرنامەی پەروەردەیی:** جێبەجێکردنی سیاسەت و بەرنامە بۆ ڕێگریکردن لە هاوسەرگیری پێشوەختە و پێشخستنی خوێندنی کچان.
- **کەمکردنەوەی جیاکاری لە پەروەردەدا:** پێداچوونەوە و هەمواركردنەوەی سیاسەت و پراکتیکەکانی پەروەردەی کۆمەڵگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی جیاکاری لەسەر بنەمای ڕەگەز، نەتەوە و زمان.
- **خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی:** دامەزراندنی خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی دەروونی کە دانیشتوانی ئاوارە دەستیان پێیگات، بە گرنگیدان بە چارەسەرکردنی فشارە دیاریکراوەکان بۆ ئەم کۆمەڵگەیانە و بۆ ژنان و کچانی ناویان.

**دەزگاکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و ئەکتەرە مرۆییەکان:**

- **تەندروستی ژنان:** بە لەپێشینە دانانی دەستپێشخەرییە تەندروستییەکانی ژنان، لەوانەش خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی پێش لەدایکبوون و زاوزێ.
- **پێداویستییە سەرەتاییەکان و پاکوخاوێنی:** ئەدڤۆکەسی کردن و دابینکردنی دەستڕاگەیشتن بە ئاوی پاک، یەکەی پاکوخاوێنی و ئاسایشی خۆراک بۆ کەمکردنەوەی قەیرانە تەندروستییەکان.
- **داکۆکیکردن لە ئاشتی و ئاشتەوایی:** داکۆکیکردن لە پرۆسەکانی ئاشتی لە ئەفغانستان، بە تایبەتی گرنگیدان بە بەشدارییپێکردنی ژنان، لە هەمان کاتدا هاندانی پەیوەندیبەستن لەگەڵ خەڵکی ئەفغانستان کە خاوەنی کارامەیی و ئەزموونی پەیوەندیدارن.
- **هۆشیاری لە مافەکان و دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری:** بەرزکردنەوەی هۆشیاری و باشترکردنی تێگەیشتن لە مافەکانی ژنان و مافەکانی پەنابەران و پێشکەشکردنی پاڵپشتی لە گەڕان بەدوای دەستڕاگەیشتن بەو مافانە.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی میوان وەرگر:**

- **پشتگیری لە کۆچبەران و گەڕاوەکانی ئەفغانستان:** یارمەتیدانی گەڕاوە و کۆچبەرانی ئەفغانستان لە ڕووی دامەزراندنی کار و تێکەڵکردنی کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی هەژاری.
- **بەکارهێنانی لێهاتوویی:** دەستنیشانکردن و بەکارهێنانی لێهاتوویی و بڕوانامەی پسپۆڕانی ئەفغانستان، بەتایبەتی ئەوانەی کە ئاوارە بوون، بۆ ئەوەی بەشدارییەکی ئەرێنی بکەن لە کۆمەڵگە میواندارەکان و نیشتمانی خۆیان.
- **پاراستنی یاسایی بۆ کۆچبەران:** بەهێزکردنی پاراستنی یاسایی بۆ کۆچبەرانی ئەفغانستان، بەتایبەتی بۆ ژنان، و ئاسانکاری بۆ یەکگرتن و دەستڕاگەیشتنیان بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان.

**پێشنیارەکان لە دوای مانگی ئابی ٢٠٢١**

**حکومەتە دەرەکییەکان، ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان و ڕێکخراوەکان:**

- **بەشداریکردن و ڕێکخستن و کۆکردنەوەی پسپۆڕانی ئەفغانستان لە ناوخۆی ئەفغانستان و لە سەرانسەری ڕەوەند:** بۆ پشتگیریکردنی ئەفغانییەکان، لە زێدی خۆیان و لە ناوچەکەدا، نەتەوە یەکدگرتووەکان، وڵاتانی میواندار بۆ پەنابەران و ڕێکخراوەکانی ڕەوەندی ئەفغانستان پێویستیان بە پەرەپێدانی سیاسەتگەلێک هەیە بۆ دەستنیشانکردنی پسپۆڕانی ئەفغانی و دیاریکردنی چۆن بە باشترین شێوە سەرمایەی کۆمەڵایەتی و مرۆیی و کولتووری و ئابووری خۆیان بەکاربهێنن.
- **بەکارهێنانی هێڵی ئاشتی بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی جێگیر:** کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێویستی بە بەکارهێنانی هەموو هەوڵێکی خۆی هەیە بۆ فشارخستنە سەر تاڵیبان بۆ دەستپێکردنی پرۆسەی ئاشتی جێگیر و ئاشتەوایی لەگەڵ هەموو لایەنەکانی کۆمەڵگە، لەنێویاندا ژنان.
- **گۆڕینی زمانی گێڕانەوە بۆ ئەوەی سەرنج بخاتە سەر و پشتگیری بکات لەو کارانەی کە هێشتا ئەگەری ڕووددانیان هەیە:** لە دۆخی ئێستادا، دەرفەتەکان بۆ ژنان کە سوود لە لێهاتووییەکانیان وەربگرن بۆ بەرهەمهێنانی بەهای دارایی هێشتا هەن. سەرەڕای هێرشی قووڵ و بەردەوام بۆ سەر ماف و ئاسایش و بژێوی ژیانی ژنان، ژنان بەردەوامن لە کارکردن، بەتایبەتی لەو شێوازانەی کە ڕێگەیان پێدەدات لەناو ماڵدا بمێننەوە. بۆ بەهێزکردنی ئەم کارە، ڕێگا بازرگانییەکانی نێوان ئەفغانستان و پاکستان زۆر گرنگن. پێویستە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان کاربکەن بۆ پاراستنی ئەم ڕێگا بازرگانییانە بۆ ئەوەی بتوانن کاڵاکان، وەک بەرهەمە دەستییەکان، وڵات بەجێبهێڵن بۆ ئەوەی داهاتیان دەستبکەوێت. پێویستە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بەردەوام بن لە پشتگیریکردنی ئەو کارانەی کە ژنان بتوانن داهاتێک بەدەستبهێنن.
- **بەشداریکردن و داکۆکیکردن لە بەشداریکردنی ژنان لە پرۆسەی سیاسیدا:** ژنانی ئەفغانی مەترسی سڕینەوەیان هەیە لە گفتوگۆ بەردەوامەکان سەبارەت بە داهاتووی نەتەوەکەیان کە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە بەڕێوەدەبرێن. ئەگەری ددانپێدانانی تاڵیبان لە ساڵانی داهاتوودا دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم سڕینەوەیە ببێتە باجێکی گەورە کە ڕەنگە نەوەکانی داهاتووی ژنان بیدەن. هەموو بەخشەرەکان و داڕێژەرانی سیاسەت پێویستە یەکسانی هەموو ڕەگەزەکان لە دڵی داکۆکیکردن و سیاسەتەکانیاندا بپارێزن.
- **وەڵامدانەوەی قەیرانەکان لە ئاست جێندەردا کوێرن و پێویستە ئاگاداری نایەکسانییە یەکتربڕەکان بن.** قەیرانی ساڵی ٢٠٢١ ڕوونی کردەوە کە سیاسەتەکانی پاراستنی جێندەر، لەوانەش چۆڵکردن و دەستڕاگەیشتن بە ڤیزەی مرۆیی و سەلامەتی پەیوەندیدار، لە ئاست جێندەردا کوێرن. هەروەها بەرنامەکانی نیشتەجێکردنی پەیوەندیدار نەبوونی هۆشیارییان لە نایەکسانییە یەکتربڕەکان لە ئەفغانستان نیشاندا. ڕێبەری قەیرانی بەشەیەکتربڕەکانی جێندەری ناوەندەکە ئەم بۆشاییە لە تێگەیشتندا چارەسەر دەکات و پێویستە لە چوارچێوەی دیکەدا بەکاربهێنرێت و بگونجێنرێت.

## کۆلۆمبیا




وێنە: ژنانی نەتەوە یەکگرتووەکان (CC BY-NC-ND 2.0)

**ئەو پڕۆژانەی کە لەسەر کۆلۆمبیا کاردەکەن، لە کاریگەریی لایەنە جیاوازەکانی پرۆسەی ئاشتی و ئاشتەوایی دەکۆڵنەوە. لە سنوورەکانی بەهێزکردنی لایەنی سیاسی و ئابووری ژنان لە وڵاتەکەدا، جیاوازی نێوان ئەو قەرەبووکردنەوە ڕەمزییانەی کە لەلایەن دامەزراوەکانی دادپەروەری ئینتقالییەوە پێشکەش دەکرێن و قەرەبووکردنەوەی ماددی کە بۆ کۆمەڵگەکان پێویستن، ململانێی یەکگرتنەوە و میراتە درێژخایەنەکانی کۆلۆنیالیزم دەکۆڵنەوە. بۆیان دەرکەوت کە پرۆسەی گەڕاندنەوەی زەوی زۆرجار خاوە و کەموکوڕی تێدایە و دابەزینێکی نیگەرانکەر لە بودجەی نێودەوڵەتی بۆ مافەکانی ژنان و بەهێزکردن و یەکسانی جێندەری و گرنگیدان بە ژنان هەبووە.**

## پێشنیارەکان

**حکومەتی کۆلۆمبیا:**

- **سیاسەتەکانی ئاشتەوایی وەڵامدەرەوە:** دروستکردنی بەرنامەی ئاشتەوایی کە ئاڵۆزییەکانی ئەزموونە تاکەکەسییەکانی ململانێ بناسن و لەخۆیان بگرن، گرنگیدان بە دابینکردنی قەرەبووکردنەوەی ماددی ئامانجدار شانبەشانی هەڵوێستە هێماداەکان.
- **دادپەروەری ئابووری بۆ ژنانی گوندنشین:** بەرزکردنەوەی سیستەمی پشتیوانی بۆ ژنانی گوندنشین، وەک پەروەردە و مافی زەوی، بۆ چارەسەرکردنی جیاوازییە ئابوورییەکان و پێشخستنی یەکسانی جێندەری.
- **گەڕاندنەوەی زەوی بە شێوەیەکی شەفاف و کارا:** پێداچوونەوە و چاکسازی لە پرۆسەی گەڕاندنەوەی زەویدا بە گرنگیدان بە شەفافیەت و کارایی، دڵنیابوون لە یەکدەنگی یاسایی و دەرئەنجامەکانی تیشک دەخەنە سەر قوربانیان.

- **ڕێبازی یەکتربڕ بۆ دامەزراوەکانی دادپەروەری:** دەسەڵاتی دادوەری تایبەت بۆ ئاشتی (JEP)، یەکەی قوربانییەکان و لیژنەی چاودێریکردنی کۆمیسیۆنی ڕوونکردنەوەی ڕاستی، پێکەوەژیان و دووبارەنەبوونەوەی (CEV) پێویستە ڕێبازێکی یەکتربڕ لە کارەکانیاندا بکەن بە پێشینە لە هەر شوێنێک کە بتوانرێت تاکو بە تەواوی لە دۆخی کەسانی بێبەش تێبگەن و میکانیزمی گونجاو بۆ چارەسەرکردن دابین بکەن.

- **ڕەگ و ڕیشەی کۆلۆنیالیزمی دادپەروەری نایەکسانی:** لە کاتی هەڵسەنگاندنی جێبەجێکردنی 74 پێشنیارە کۆتاییەکانی لەلایەن CEV ەوە پێشکەش کراوە، لیژنەی چاودێری پێویستە پاشخانی میراتە کۆلۆنیالیزمەکان و سنووردارکردنی پێکهاتەیی لەسەر ئاشتەوایی لەبەرچاو بگرێت.

- سەرکردایەتی ناوخۆیی و پەروەردەی نێوان کولتوورەکان: دەنگی کۆمەڵگە ڕەسەن و نەوەی ئەفرۆییەکان دەبێت لە پرۆسەی دادپەروەری ئینتقالیدا سەنتەر بێت. سەرکردە ناوخۆییەکان لە داڕشتن و جێبەجێکردنی سیاسەتدا یەکبخەن بۆ دڵنیابوون لەوەی کە بەرنامەکان لەگەڵ پێداویستی و چاوەڕوانییە تایبەتەکانی کۆمەڵگاکانیاندا یەکدەگرنەوە.

- **چاوەڕوانییەکانی ئاشتەوایی:** ئەنجامدانی گفتوگۆیەکی نیشتمانی بۆ ڕوونکردنەوە و پێناسەکردنی ئاشتەوایی و مەودای ئاشتەوایی و سنوورەکانی بۆ دڵنیابوون لەوەی چاوەڕوانییەکی یەکگرتوو و واقیعی لە پرۆسەکە هەیە.

**کۆمەڵگەی مەدەنی و ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان:**

- **مۆدێلی دارایی بەردەوام و نەرم و نیان:** پەرەپێدانی مۆدێلی پارەدان کە پشتگیری درێژخایەن بۆ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە سەرۆکایەتی ژنان (CSO) دابین دەکات، ڕێگە بە بەردەوامبوون و قەبارەدانانی بەرنامە سەرکەوتووەکان دەدات و سەرچاوەکان بە شێوەیەک تەرخان بکرێن کە وەڵامی گۆڕانی چوارچێوە و پێداویستییەکان بداتەوە.

- **بەشداریکردنی مانادار و هەمەچەشن:** دڵنیابوون لە بەشداریکردنی گروپە جۆراوجۆرەکانی ژنان – لەوانەش ژنانی شەڕکەری پێشوو، قوربانییەکان، گروپە ڕەسەنەکان – لە هەموو لایەنەکانی جێبەجێکردنی ئاشتی، هەر لە چەکداماڵین، داماڵینی سەربازی و یەکخستنەوە هەتا مافەکانی زەوی، دەرفەتی ئابووری و دادپەروەری ئینتقالی.

- **بنیاتنانی توانا بۆ ڕێکخراوە بنەڕەتییەکان:** تەرخانکردنی سەرچاوەکان توانای گروپە پەراوێزخراوەکان و ڕێکخراوە بنەڕەتییەکان بەرز دەکاتەوە بۆ وەڵامدانەوەی پێداویستییە تایبەتەکانی کۆمەڵگا بە لێهاتوویی کولتووری و زانیاری ناوخۆیی. پێویستە بودجە بخرێتە بەردەستی ڕێکخراوی بچووکتر و نافەرمیتر و گەرەنتی بدرێت بۆ پرسە جێندەرییەکان بە درێژایی پرۆسەی جێبەجێکردنی ئاشتی.

- **بەرنامەسازی جێندەری یەکتربڕ و گشتگیر:** دوور بکەوەرەوە لە ڕێبازە تاک پرسەکان بۆ داکۆکیکردن لە جێندەر، کە دەتوانێت پلەبەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی ئێستا بەردەوام بکات. تیشک بخرێتە سەر توندوتیژی کە بەهۆی پێکهاتە ستەمکارییە بەیەکەوە گرێدراوەکانەوە بەردەوام دەبێت کە ژنان و گروپە کەمینەکان ئەزموونی دەکەن.

- **کاریگەرییە کۆلۆنیالیزمەکان لەسەر دادپەروەری ئینتقالی:** ئەو توێژینەوەیانەی کە هەوڵی چارەسەرکردنی کۆلۆنیالیزمی مێژوویی دەدەن، پێویستە خۆیان ڕێبازێکی میتۆدۆلۆژیای کۆلۆنیالیزم بگرنەبەر و لەگەڵ کۆمەڵگە ڕەسەن و نەوەی ئەفرۆییەکان پەیوەندی بکەن.

# کوردستان، عێراق



فۆتۆ: لێڤی مێر کلانسی لە وێبسایتی ئەنسپلاش

**توێژینەوەکانی ناوەندەکە لە کوردستان-عێراق بەربەستەکانی بەردەم پێشکەوتن کە ڕووبەڕووی ژنان دەبنەوە دەخاتەڕوو ئەویش بەهۆی شکستەکانی سیستەمی سیاسی و یاسایی، پیاوسالاری ڕەگداکوتاو و کاردانەوەی توندی جێندەری لەوانەش ئاستی بەرزی هەراسانکردنی چالاکوانانی مافی ژنان. هەروەها ئەم پرۆژانە ناتەبایی نێوان سیاسەتە نێودەوڵەتییەکان و واقیعە ناوخۆییەکان لە ڕووی هەردوو گوتار و پراکتیکی بەڕێوەبردنی دانیشتوانی ئاوارە نیشان دەدەن و تیشک دەخەنە سەر ئەو بەشداریانەی کە کۆچبەرانی گەڕاوە بۆ وڵات لە ئاشتی، گەشەپێدان، یەکسانی جێندەری و بازاڕی کاردا دەیکەن.**

## پێشنیارەکان

**حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق:**

- **بەشدارپێیکردنی پیاوان و ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتە پیاوسالارییەکان:** زیادکردنی بودجە و سەرچاوە بۆ دەستپێشخەرییە ناوخۆییەکان کە تیشک دەخاتە سەر بەشدارپێیکردنی پیاوان، بە تایبەتی سەبارەت بەوانەی کە لە پۆستەکانی دەسەڵاتدان، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی نەریتە پیاوسالارییەکان و بەرەنگاربوونەوەی گەشەکردنی کاردانەوە توندە جێندەرییەکان.
- **سیاسەتی بژاردەیی و بەردەوام بۆ گەڕاوەکان:** پەرەپێدانی سیاسەتی بژاردەیی و بەردەوام بە ئامانجی هاندانی ژن و پیاوی لێهاتوو و بەتوانا بۆ گەڕانەوە بۆ کوردستان و بەشداریکردن لە گەشەپێدانی ئابووری و ئاشتی.
- پەیوەندییەستن لەگەڵ ڕەوەند: دامەزراندنی بەشی کاروبارەکانی ڕەوەند بۆ پەیوەندیکردن و سود وەرگرتن لە سەرمایەی مرۆیی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی و ئابووری ڕەوەندی کوردی؛ بەڵگەی کەمیی کار دەستنیشان بکەن، تۆڕەکانی اەوانەی ئەگەری گەڕانەوەیان هەیە دروست بکەن و ئەگەری بەشداربوونیان لە گەشەپێدانی بەردەوامدا هەڵسەنگێنن.
- **گرنگیدان بە ماف و بەشدارییەکانی ژنانی گەڕاوە:** کارکردن لەگەڵ هاوبەشە ناحکومییەکان بۆ دامەزراندن و جێبەجێکردنی سیاسەتگەلێک بۆ پەرەپێدانی سیاسەتی ئەرێنی بۆ ژنان و سوودوەرگرتن لە لێهاتووییەکانی ژنانی گەڕاوە.

**ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان:**

- **جێبەجێکردنی سیاسەتی جێندەر گشتگیر:** کارکردن لەگەڵ ئەکتەرە ناوچەیی و ناوخۆییەکان بۆ پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتی ئاوارەبوون کە حساب بۆ پێداویستی و ململانێی تایبەت بە جێندەر دەکەن، لەگەڵ گرنگیدان بە بەهێزکردن و بەدەستهێنانی لێهاتوویی بۆ ژنان و کچانی ئاوارە.
- ڕاهێنانی هەستیاری جێندەری سەبارەت بە ئاوارەبوونی زۆرەملێ: پشتگیریکردن و ئاسانکاریکردنی بەرنامەکانی ڕاهێنان لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوخۆیی بۆ دڵنیابوون لە تێگەیشتنێکی قووڵ لە پرسە جێندەرەکان لە چوارچێوەی ئاوارەبووندا، یارمەتیدان لە دروستکردنی سیستەمی پشتیوانی کاریگەرتر.

**کۆمەڵگە ناوخۆییەکان و پەروەردەکاران:**

- **چارەسەرەکان بە سەرکردایەتی خودی کۆمەڵگە:** بەهێزکردنی سەرکردە ناوخۆییەکان و پەروەردەکاران بۆ سەرکردایەتیکردنی گفتوگۆکان لەسەر نەریتە جێندەرییەکان و دامەزراندنی وەڵامەکانی کۆمەڵگە بۆ چارەسەرکردنی ئەم پرسانە بە شێوەیەکی کاریگەر.
- **پەروەردە وەک ئامرازێک بۆ گۆڕانکاری:** تێکەڵکردنی پەروەردەی گشتگیری یەکسانی جێندەری لە مەنهەجەکانی قوتابخانە و مزگەوت و پلاتفۆرمی فێرکاریتردا. گرنگیدان بە بەشداریکردنی نەوە گەنجەکان بۆ داڕشتنی نەریتەکانی کۆمەڵگەی داهاتوو و بەشداریکردنی پیاوان بۆ تیشک خستنە سەر ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی کە دەتوانن وەک هاوپەیمانی یەکسانی جێندەری لەناو کۆمەڵگەدا بیگێڕن.
- **ڕێگەچارە لەڕێی هونەرەوە:** جێبەجێکردنی شێوازی داهێنەرانە و بنەمادار بە هونەر لە شوێنە پەروەردەییەکان بۆ پەرەپێدانی هاوسۆزی، ململانێکردنی نەریتە جێندەرییە چەقبەستووەکان و پێشخستنی هەڵسەنگاندنەوە بۆ ناسنامە جێندەرییەکان.

**میدیا و خاوەن پارە و خەڵکی گشتی:**

- **ڕێبازە فرە ئەکتەرە هەماهەنگەکان:** هەماهەنگی وەڵامەکانی حکومەت، کەرتی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، خاوەن پارە و بەخشەرەکان، میدیا و کۆمەڵگەی گەورەتر بۆ بەدەستهێنانی یەکسانی جێندەری.

# لوبنان




فۆتۆ: ڕێدوان سکیکی لە وێبسایتی ئەنسپلاش

**پرۆژەکان لەسەر لوبنان دەریانخستووە که ئەو قەیرانە سێ لایەنەیەی وڵاتەکە لەم دواییانەدا تووشی بووە (دابەزینی ئابووری، تەقینەوەی بەندەری بەیروت و پەتای کۆڤید-١٩) دوورخستنەوە و هەراسانکردن و هەڵاواردنی کەسانی جۆراوجۆری SOGIESCی، بەتایبەتی پەنابەرانی بێ بەڵگەنامەی سووری ئاڵۆزتر کردووە، و کەمی پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی بۆ ئەم کۆمەڵگایانە دەستنیشانکراوە. هەروەها قەیرانە سێ لایەنەکە بە شێوەیەکی نارێژەیی کاریگەری لەسەر ژنانی کۆچبەر هەیە و لاوازییەکانیان زیاتر دەکات و دەبێتە هۆی زیادبوونی بێکاری، گۆشەگیری، ڕووداوەکانی توندوتیژی ڕەگەزی و زیادبوونی مەترسی بازرگانیکردن بە مرۆڤەوە.**

## پێشنیارەکان

**حکومەتی لوبنان:**

- **هەڵوەشاندنەوەی یاسا جیاکارییەکان و بەهێزکردنی پاراستنی یاسایی:** مادەی 534 لە یاسای سزادان کردەوەی هاوڕەگەزبازی بە تاوان هەژماردەکات. ئەمە و یاساکانی تر کە کرێکارانی سێکس بە تاوانبار دادەنێت، پێویستە هەڵبوەشێنرێنەوە.
- **بەرزکردنەوەی پاراستنی یاسایی بۆ ژنانی کۆچبەر:** پێویستە حکومەتی لوبنان یاسایەک دەربکات و جێبەجێی بکات کە ژنانی کۆچبەر لە هەردوو بواری گشتی و تایبەتدا بپارێزن، ئاسایش و دادپەروەرییان پێشکەش بکات.

**داڕێژەرانی سیاسەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لوبنان:**

- **ڕێبازێکی بەکتریر بگرنەبەر:** پێویستە داڕێژەرانی سیاسەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی لوبنان چاویلکەیەکی بەکتریر لە چاوبکەن بۆ تێگەیشتن لە ئاڵۆزییەکانی شوناسەکانی SOGIESC، بۆ هێنانەدی سیاسەت و خزمەتگوزارییە پشتیوانییەکان کە پێداویستییە تایبەتەکانیان دابین دەکات.
- پشتگیری لە چالاکوانییە نێودەوڵەتییەکان: هاندان و ئاسانکاری بۆ چالاکییە نێودەوڵەتییەکان و هاوکاری لە نێوان ڕێکخراوەکانی SOGIESC لە سەرانسەری ناوچەکەدا بۆ بەهێزکردنی خۆڕاگری و کاریگەریی بزووتنەوەی SOGIESC لە لوبنان و دەرەوەی وڵات.
- **زیادکردنی بودجەی بەردەوام:** لوبنان بەخێرایی پێویستی بە زیادکردنی بودجەی بەردەوام هەیە بۆ خزمەتگوزارییە تیشکخراوەسەرەکانی SOGIESC، بە تایبەت لە تەندروستی دەروونی و پشتیوانی دەروونی کۆمەڵایەتی.

**حکومەت، ڕێکخراوە ناحکومییەکان، و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان:**

- **چاکسازی لە سیستەمی کەفالەدا:** حکومەتی لوبنان بە پشتیوانی دەزگا نێودەوڵەتییەکان، دەبێت بەخێرایی چاکسازی لە سیستەمی کەفالەدا بکات بۆ پاراستنی مافەکانی کرێکارانی ناوماڵ.
- **پێشخستنی ماف و سەلامەتی کۆچبەران:** پێویستە ڕێبازێکی هەماهەنگ کە حکومەتی لوبنان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان تێیدا بەشداربن جێبەجێ بکرێت بۆ دروستکردنی ژینگەیەکی گشتگیرتر و سەلامەتتر و پشتیوانیتر بۆ ژنە کۆچبەرەکان.
- **پشتگیری لە بەرنامەکانی کۆچبەران کە سەنتەری کۆچبەرانن:** پێویستە حکومەتی لوبنان هاوکاری لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکات لەسەر ئەو بەرنامانەی کە ڕاهێنانی کار و یارمەتی یاسایی و پشتیوانی کۆمەڵایەتی پێشکەش بە کۆمەڵگە کۆچبەرەکان دەکەن.

**حکومەتەکانی وڵاتی ڕەسەنی کرێکارانی کۆچبەر:**

- **ڕێککەوتننامەی دوولایەنەی کۆچبەری:** داوا لە حکومەتەکانی وڵاتی ڕەسەنی کرێکارانی ناوخۆی کۆچبەر دەکرێت کە هەنگاو بنێن و دانوستان لەسەر ڕێککەوتنی دوولایەنە لەگەڵ حکومەتی لوبنان بکەن بۆ ئەوەی هەلومەرجی دادپەروەرانەتر بۆ هاوڵاتییە کۆچبەرەکانیان دابین بکەن.

## سیرالیۆن



فۆتۆ: ڕێکاری زەوی، جێندەر و سیستمی یاسایی کۆ

**تیشکخستنەسەر دادپەروەری و مافی زەوی و زار لە سیرالیۆن ئەوە پیشان دەدات کە هەژاری هۆکاری سەرەکیی سنوردارکردنی دەستراگەیشتنە بە زەوی و زار، بەتایبەتیش کۆچبەران یان ئەوانەی دانیشتووی ناوخۆی کۆمەڵگەکە نین. ئەمەش بە شێوەیەکی نارێژەیی کاریگەری لەسەر ئەو ژنانە دەبێت کە ڕووبەڕووی نەریتە پیاوسالارییە کلتورییەکان دەبنەوە کە مافی خاوەندارێتیان بۆ زەوی سنووردار دەکات. جگە لەوەش، کۆمپانیاکان سوود لە ئازادکردنی ئابووری سیرالیۆن وەردەگرن بۆ ڕەتکردنەوەی دەستراگەیشتن بە زەوی و بۆ زەوتکردنی ژنان. گەشەپێدانی ئابووری لە پێشینەی کارەکاندایە بەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی و بەهێزکردنی ژنانەوە، کە ئەمەش ڕێگری لە هەوڵەکان دەکات بۆ دامەزراندنی دادپەروەری جێندەری درێژخایەن و ئاشتی گشتگیر.**

## پێشنیارەکان

**حکومەتی سیرالیۆن:**

- **چاکسازی ڕێکارەکان و جێبەجێکردنیان:** چاکسازی یاسایی و ڕێکارەکان کە گەرەنتی خاوەندارێتی یەکسان و دەستراگەیشتن بە زەوی بۆ ژنان دەکات پێویستی بە بەهێزکردن و جێبەجێکردنی تەواو هەیە.
- **سیاسەتی زەوی و گشتگیری:** پێداچوونەوە و نوێکردنەوەی سیاسەتی زەوییە هەنووکەییەکان بۆ ئەوەی ئەو برگە پێشکەوتنخوازانە لەخۆبگرێت کە لە یاسای کۆمیسیۆنی نیشتمانی زەوی (2022) و یاسای مافە نەریتییەکانی زەوی (2022)دا هاتووە. ئەمەش لەگەڵ پەرەپێدانی یاسایەکی گشتگیری زەویدا بێت.
- **مافی ژنان و بەرژەوەندی کۆمپانیاکان:** مافەکانی ژنان بپارێزرێت کاتێک لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی کۆمپانیاکانی زەوی و زار ناکۆک دەبن. ئەمەش داخستنی ئەو کەلێنە یاساییانە دەگرێتەوە کە ڕێگە بە مافەکانی ژنان، لەوانەش مافی زەوی دەدات، بەناوی گەشەپێدانەوە بخرێنە مەترسییەوە.
- **کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان:** پشتگیری کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ناوخۆییەکان بکەن کە لەسەر زەوی کاردەکەن لەوانەش لە ڕێگەی پارەدان و بەشداریکردن.

**دەسەڵاتە نەریتییەکان:**

- **یاسای داب و نەریتی و یەکسانی جێندەری:** پێویستە چاکسازی لە دامەزراوەی سەرۆکایەتیدا بکرێت، گرنگی بە نوێنەرایەتی و بەشداریکردنی یەکسانی ژنان بدرێت لە بڕیاردانی سەرۆکایەتیدا، لەوانەش لە لیژنەکانی پێکهێنراو بۆ بەڕێوەبردنی زەوی و سەرچاوەکانی زەوی.

**ڕێکخراو و ڕێکخراوە ناحکومییەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی:**

- **دادپەروەری زەوی و بەرپرسیارە نادەوڵەتیەکان:** پێویستە هاوکارییەکانی لایەنگری یاسایی و چارەسەرکردنی ناکۆکییەکان بۆ ژنان بەرز بکرێتەوە بۆ ئەوەی ژنان بە شێوەیەکی دادپەروەرانە نوێنەرایەتیان بکرێت لە گرێبەستی زەویدا و دەستیان بە دادپەروەری بگات کاتێک مافەکانیان پێشێل دەکرێت. هەروەها پێویستە پەروەردە و هاوبەشکردنی زانیاری سەبارەت بە یاسا و سیاسەتی نوێ لە پێشینەدا بێت.

## سریلانکا



فۆتۆ: فرێدریک نۆلاندەر لە وێنسایتی ئەنسپلاش

**توێژینەوەکان لە سریلانکا تیشک دەخاتە سەر پرسەکانی دادپەروەری و زەوی و کۆچ. پڕۆژەکان دەریانخستووە کە کەموکوڕییەکی بەرچاو لە دادپەروەریدا بۆ خێزانە بێسەروشوێنەکان و بۆ قوربانییەکانی ڕزگاربووانی توندوتیژی سێکسی و جێندەری و هەروەها کەمیی سیستماتیکی گشتی لە دەستڕاگەیشتن بە دادپەروەری بۆ ژنان هەیە. سەبارەت بە زەوی و زار، توێژینەوەکانی ناوەندەکە دەریدەخەن کە خاوەندارێتی زەوی ژنان کاریگەری لەسەرە بەهۆی نەبوونی یاسایەکی یەکسان بۆ مافەکانی زەوی، ئالۆزییەکانی یاسا نەریتییەکان، نەریتە ئێتنۆئاینییەکان و کولتوورییەکان و کاریگەرییەکانی شەڕ. ئاوارەکانی ناوخۆ لە سریلانکا دەستڕاگەیشتنێکی سنورداریان هەیە بۆ دەرفەتە ئابووری و بژێوییەکان و ناتوانن پێداویستییە سەرەتاییەکانی چاودێری تەندروستی دابین بکەن، هەروەها ژنانی کۆچبەری گەڕاوە ڕووبەڕووی جیاکاری و ئاستەنگی بەرچاو دەبنەوە.**

## پێشنیارەکان

### حکومەتی سریلانکا:

- **دادپەروەری بۆ بێسەروشوێنەکان:** بە لەپێشینە دانانی کەیسەکانی بێسەروشوێنکردن و لێکۆڵینەوە لەوەی کە لەم کەیسانەدا چی ڕوویداوە بۆ دووبارە گەڕاندنەوەی متمانە بە OMP.
- **نیشتەجێکردن و گەڕاندنەوەی ئاوارە ناوخۆییەکان (IDPs):** زیادکردنی یارمەتییەکانی ئێستای زەوی و نیشتەجێبوون بۆ ئاوارەکان بەگوێرەی هەلاوسان. بەردەوامبوون و فراوانکردنی کارکردن لەسەر بەڵگەنامەکردنی ئەزموونەکانی ئاوارەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی سیاسەتەکانی پاراستن و هاوکاریکردن لە نیشتەجێکردن و گواستنەوەدا.
- **دادپەروەری بۆ قوربانییەکان-رزگاربووانی توندوتیژی سێکسی پەیوەست بە ململانێوە (CRSV) :** دانانی پێناسەیەکی یاسایی بۆ CRSV لە یاسای جەوهەریدا. ئەنجامدانی پێداچوونەوە بە پێوەرە یاساییەکان سەبارەت بە ڕەزامەندی و پشتڕاستکردنەوە لە حاڵەتەکانی CRSV و ددانان بە کاریگەرییەکانی زەبر و زەنگ لەسەر لێدوانی شایەتحاڵەکاندا. هەروەها گەرەنتیکردنی مافی بەشداریکردنی قوربانییەکان لە دادگادا.
- **پشتگیری قوربانی-رزگاربوو لە CRSV :** دامەزراندنی ڕاهێنانی ئیجباری و بەهێزی ئەفسەرانی پۆلیس و ئەفسەرانی پزیشکی دادوەری لە کەیسەکانی CRSV و زەبر و زەنگ بۆ دڵنیابوون لە هەستیاری جێندەری و پاراستنی کەرامەت و مافەکانی قوربانی-رزگاربوو.
- **یاساکانی ئێستا پێویستە زیاتر هەموار بکرێنەوە و بە شێوەیەکی دروست جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی ڕێگە بدرێت ژنان زیاتر دەستیان بە زەوی بگات، و کۆنترۆڵی تەواوی زەوییان هەبێت:** کارگێڕانی حکومەت پێویستە دڵنیابن لەوەی کە هەموارکردنەکانی ئەم دواییەی یاساکان (واتە فەرمانی گەشەپێدانی زەوی) بە کردەوە ڕێزیان لێدەگیرێت و بەمەش ژنان شوێنی زیاتریان پێدەدرێت بۆ بڕیاردان لە بابەتی بەکارهێنانی زەویدا.
- **هاندانی کۆچی گەڕانەوە:** پەرەپێدان و جێبەجێکردنی سیاسەتەکان بۆ ڕاکێشان و یەکخستنی گەڕاوە لێهاتووەکان، بە داننان بە تواناکانیان بۆ بەشداریکردن لە گەشەپێدانی ئابووری و ئاشتی.
- **گفتوگۆی یەکگرتوو بۆ ئاشتی و سەقامگیری ئابووری داهاتوو:** تێکەڵکردنی گفتوگۆکان لەسەر ناسنامە و کولتوور لە گفتوگۆی ئاشتی و ئابووریدا. پراکتیک و توێژینەوە لەسەر بنەمای هونەر تێڕوانینێکی ناوازە پێشکەش دەکەن کە دەتوانن ڕێنمایی داڕشتنی سیاسەت بکەن.

### کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی:

- **سیاسەتی جێندەری گشتگیر:** پشتگیریکردنیپەرەپێدان و جێبەجێکردن و گەیاندنی سیاسەتی جێندەری گشتگیر لەسەر ئاستی نێودەوڵەتییەوە تا ئاستی ناوخۆیی.
- **بە سەنتەرکردنی ژنانی پەراوێزخراو لە سیاسەتی جێندەریدا:** ئەو سیاسەتانەی هەن و مەبەستیان باشتر تێکەڵکردنی ژنانە لە سیستەمەکانی دەسەڵاتدا، پێویستە دووبارە تتیشکیان بخرێتەوە سەر بۆ ئەوەی کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان لە سەنتەردا بن و چارەسەری ئەو پرسە سیستماتیکیانە بکەن کە ئەم کۆمەڵگەیانە دەخەنە ژێر زیان و توندوتیژی.
- **بەرپرسیارڕاگرتنی نووسینگەی کەسانی ونبوو (OMP) :** زۆر گرنگە کە ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان پشتگیری لە هەوڵەکانی بنەماڵەی بێسەروشوێنکراوان بکەن و فشار لەسەر دەوڵەتی سریلانکا بەردەوام بن بۆ لێکۆڵینەوە لە کەیسەکانی کەسانی بێسەروشوێنکراو و ونبووی زۆرەملێ لە ڕێگەی OMP
- **بەشدارییپێکردنی نێودەوڵەتی ڕەوەندی سریلانکا:** بەشداریکردن و کۆکردنەوەی پسپۆڕان لەناو ڕەوەندەکاندا، گرنگیدان بە دادپەروەری جێندەری و ئاشتی گشتگیر.
- **پشتگیریکردن لە شێوازەکانی بەشدارییپێکردن لەسەر بنەمای هونەر:** ددانان و پشتگیری دارایی میتۆدۆلۆژیای توێژینەوە لەسەر بنەمای هونەر بۆ بەشداری تایبەتی لە کۆکردنەوەی داتا، فێربوون و بڵاوکردنەوە.

# ئوگاندا



فۆتۆ: ئێلیۆت ڕوبۆمبۆرا لە وێبسایتی ئەنسپلاش

**ئەو پرۆژانەی کە لەسەر ئۆگاندا کاردەکەن، کۆمەڵێک دۆزینەوەی بەرفراوان لەسەر ئەزموونی وڵاتەکە دوای ململانێ پێشکەش دەکەن. ژنە دەرکراوەکان، 'دانیشتووانی شلۆق'، 'خێزانی کاتی' سەرباز و ژنە گەڕاوەکان و منداڵەکانیان بەردەوامن لە ڕووبەڕووبوونەوەی پەراوێزخستنی توند، کە دەبێتە هۆی چەواشەکاری، ململانێی ئابووری و ئاستەنگی کۆمەڵایەتی. سیستەمی خاوەندارێتی زەوی لەسەر ئەساسی باوک ململانێی بەرچاو بۆ هەموو ژنان دروست دەکات، بەتایبەتی ژنانی شەرکەری پێشوو و منداڵەکانیان، ئەمەش دەبێتە هۆی ناکۆکی لەسەر مافەکانی زەوی و ئاسایشی. ژنانی شەرکەری پێشوو ڕووبەڕووی پشتیوانی تەندروستی درێژخایەنی ناتەواو و پشتگوێخستن دەبنەوە لە بەرنامەکانی یەکگرتنەوەدا، ئەمەش کاریگەری لەسەر یەکگرتنەوەی سەرکەوتووانەیان لە کۆمەڵگادا دەبێت. ململانێ و ئاوارەبوونی درێژخایەن پەیوەندییە سۆزدارییەکان، سیستەمی خزمایەتی و پراکتیزە نەریتییەکانی بە شێوەیەکی بەرچاو تێکداوە، کە بووەتە هۆی ململانێی نێوان نەوەکان و کێشەی توندی تەندروستی دەروونی لە دانیشتوانی تووشبوودا.**

## پێشنیارەکان

**حکومەت و داڕێژەرانی سیاسەت:**

- **بەشداریکردن و پشتیوانی حکومەت:** بەشداریپێکردنی بەردەوام و پێشکەشکردنی پشتگیرییەکی بەهێز بۆ کۆمەڵگە پەراوێزخراوەکان و دانیشتوانی شلۆق، لەوانەش ژنانی گەڕاوە و منداڵانی لەدایکبووی ململانێ، بۆ چارەسەرکردنی پرسەکانی چەواشەکاری، توندوتیژی و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی.
- **ئاسانکردنی پرۆسەی یاسایی:** ئاسانکردنی پرۆسەکانی بەڵگەنامەکردنی یاسایی بۆ ئەو کەسانەی کە زانیاری دایک و باوک یان شوێنی لەدایکبوونیان نییە، ئەمەش ڕێگە خۆش دەکات بۆ دەستڕاگەیشتنێکی باشتر بە خزمەتگوزارییە حکومییەکان و مافە یاساییەکان، بەتایبەتی بۆ ئەو منداڵانەی **لە دیلیدا لەدایک دەبن.**

- **چاکسازی زەوی و متمانەی کۆمەڵگە:** دەستنیشانکردنی ناکۆکی و ململانێکانی زەوی و زار لە بازرگانیکردنی زەوی بە بەهێزکردنی متمانەی کۆمەڵگە، ئاسانکاری بۆ گونجاندنی زەوی و سیستەمی خزمایەتی نەریتی، و دڵنیابوون لە دەستڕاگەیشتن بە زەوی دادپەروەرانە بۆ هەمووان، بەتایبەتی ژنان و منداڵانی کاریگەر بە ململانێی جەنگی.
- **ستراتیژی سەربازی و سیاسەتەکانی بڵاوەپێکردن:** پێناسەکردنەوەی ستراتیژی سەربازی بۆ جەختکردنەوە لەسەر چارەسەرکردنی ئاشتیانەی ململانێکان و سنووردارکردنی ماوە و فرێکوێنسیی جێگیرکردنەکان بۆ ڕێگریکردن لە دروستبوونی خێزانی کاتی و باشترکردنی گوزەرانی سەربازەکان.

**ڕێکخراو و ڕێکخراوە ناحکومییە نێودەوڵەتییەکان:**

- **ڕۆڵی ئەکتەرە نێودەوڵەتییەکان:** چالاکانە لەگەڵ کۆمەڵێک ئەکتەری بەرفراوان کاردەکەن بۆ بەرەنگاربوونەوەی چەواشەکاری و جیاکاری دژی ئەو کەسانەی پێشتر پەیوەندییان بە گروپە چەکدارەکانەوە هەبووە، بە گرنگیدان بە پێداویستییە تایبەتەکان و چوارچێوەی دانیشتوانی زیانلێکەوتوو.

**کۆمەڵگا و دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان:**

- **ئەولەویەتدان بە ناسنامەی کۆمەڵایەتی دوای جەنگ:** پەرەپێدانی بەرنامەکان بۆ پشتگیریکردن لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی، هاندانی گفتوگۆی نێوان نەوەکان و پەروەردەکردنی ناسنامەی بەکۆمەڵ لەناو کۆمەڵگاکاندا.

**کەرتەکانی ڕاگەیاندن و پەیوەندی:**

- **پەیوەندییەستنی کاریگەر بە کۆمەڵگەوە:** بەکارهێنانی ڕادیۆ و میدیاکانی تر وەک ئامرازێک بۆ دەستڕاگەیشتن کۆمەڵگە و مشتومڕی گشتی، بە تایبەت لە ناوچە گوندنشینەکان و ناوچە کاریگەرەکانی شەڕ، بۆ پڕکردنەوەی دابەشبوونەکان و بۆ گەورەکردنی دەنگە پەراوێزخراوەکان لە سەرانسەری هێڵە دیمۆگرافییە جیاوازەکاندا.

**چاودێری تەندروستی و خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان:**

- **بەرنامەکانی تەندروستی درێژخایەن و یەکگرتنەوە:** پەرەپێدان و جێبەجێکردنی بەرنامەی گشتگیر بە مەبەستی یەکگرتنەوە کە کاریگەرییە جەستەیی و دەروونی و کۆمەڵایەتییە درێژخایەنەکانی ململانێ لەسەر شەڕکەرانی پێشوو دەخاتە ڕوو.

بۆ خوێندنەوەی تەواوی ڕاپۆرتەکە سەردانی ئەم لینکە بکە:

www.TheGenderHub.com





GENDER JUSTICE & SECURITY
A GCRF HUB

UK Research and Innovation